# ڕەهەندی نیشتیمانی لەچاکسازیەکانی کلیسپینیس دا
## ٥١٠- ٥٠٠ پ.ز

د. محمـــد أمـــين علـــى عبـــدالله
زانكۆی ڕا پەڕین
كۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەكان

**پێشەكی:**

لەبەر ئەوەی سود وەرگرتن لە ڕابردوو هۆشیاری بۆ ڕێگرتن لەدووبارەبوونەوەی هەڵەكان دەخولقێنێ و، تێبینی گونجاویی چاكسازیەكانی (كلیستینیس)یش بۆ بە نیشتیمانی كردنی دام و دازگا و كۆتایی هێنان بەڕەوشگەلێك، كە وەك كۆسپ لەبەردەم بەرەوپێشچوونی گەل و كاری بەكۆمەڵ لە سنوری دەوڵەتە شاری ئەسینا دەردەكەوتبوون و، بواری بەردەم پێكەوەژیانی ئاشتیانەی هاوڵاتیانیان تەسك دەكردەوەو بەردەوامیش ئامادەییان هەیە, شایەنی هەڵوەستە لەسەركردنن, بیرۆكەی ئەو توێژینەوەیەی بەناوی (ڕەهەندی نیشتیمانی لە چاكسازیەكانی كلیستینیس دا)هاتە ئارا.

توێژینەوەكە هەوڵێكە بۆ تیشك خستنە سەر ئەو ڕەوشەی ببووە هەوێنی بیرو ویستی چاكسازی لەدەوڵەتەشاری ئەسینا و, زەمینەی هاتنە سەركاری ناوبراو و، ئاشنابوون بەو بابەت و بوارانەی بوونەتە جێی هەڵوەستە لەسەركردنی و وەك ماكی چاكسازیەكانی لەبەرچاو گیراون تەرخانكراوە.

توێژینەوەكە جگە لە پێشەكی و ئەنجام و پوختەیەك بەهەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و لیستی سەرچاوەكان، لە دەسپێك و سێ تەوەر پێكهاتووە, كە بەم شێوەیە و لەژێر ئەو ناونیشانانەی خوارەوەدا بوونەتە بابەت و باسی شیكردنەوە:

یەكەم: ئاوێتەكردنی كۆمەڵایەتیانەی خەڵك و كاركردن لەسەر كەمكردنەوەی دەمارگیری خێڵایەتی،

دووەم: ئەنجومەنەكانی گەل و پرسی ویست و داخوازیەكانی خەڵك.

سێیەم: پێویستی ئاگادار بوون لەئەرك و مافی بەشداریكردن لە دەسەڵات و یاسای دورخستنەوەی سیاسی.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## دەستپێك

بیرۆکە و نیەتی چاکسازی کەخۆی لە ئالوگۆڕ وگۆڕان لەدام و دەزگا و سیستەمی حوکمڕانی و بوار و کایە جۆراوجۆرەکانی کۆمەلگا و، دەستکاریکردنیان بەنیازی ڕێککردنەوەو چاککردن و پەرەپێدانیان و پاککردنەوەیان، لەخەوش و کەمایەسی هەموو شێوازەکانی خراپکاری و ستەم و گەندەڵی و ناڕەوایی و نادادی دەبینێتەوە , تا بەڕێکخستن و ئاراستەکردنیان بەجۆرێك کەبە پێی دنیابینی و فەلسەفەی کارکردنی کەس ولایەنی چاکسازیکار و بەو ڕەهەندانەی لە بەئاکام گەیشتنیدا لەبەر چاوگیراون, لە ئاستی وەڵام بە پێداویستیەکانی سەردەم دابێت, کە هاوشان و تەریبی پێشکەوتنەو لەگەڵ پەیدابوونی مرۆڤ و بەکۆمەڵایەتی بوونی سەری هەڵداوە(١), لەزەینی دانیشتوانی یۆنان و لەنێویاندا خەلکی (ئەسینا)ش، کە لەدیارترین دەوڵەتە شارەکانی هەژماردەکرێت و ، لەگەڵ ئەسپارتە و ئەرگۆس و کۆرنتە، گەورەترین چوار دەوڵەتە شاری یۆنانیان پێکهێنابوو، کە نزیکەی تەواوی سەروەری وڵاتەکەیان لە نێوخۆیاندا دابەشکردبوو(٢)، و لەگۆڕانکاریە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان دا دەکرێ وەك نمونەی دەوڵەتە سیستەم جۆراوجۆر بینیوەکان هەژمار بکرێت(٣)، ئامادەیی هەبووەو لە کار بۆکردن و پراکتیزەکردنیشی لەسەر زەمینی واقع، بیریار و فەیلەسوف(٤)و یاساناس و حوکمڕانانی چاکسازیکار، کە(کلیسثینس Clesthenes) یەکێکیانە(٥) ، ڕۆڵیان بینیوە.

ناوبراو یەکێك بوو لە خانەدانە پشتگیریکارەکانی چینەکانی خوارەوەی کۆمەلگای ئەسینا(٦) و کوڕی (میگاکلیس Megacles )ی سەرکردەی پارتی دەشتایی(حزب السهل) - کەدواتر دەبێتە بابەتی باس- و سەر بە بنەماڵەی (ئالکیمئۆنیدی)ی ئەرستۆکراتی (٧)بوو (٨)، کە زۆربەی ئەندامەکانی لەدوای دامرکاندنەوەی ڕابونەکەی(کیلۆنCylon )، کە لە ساڵی ٦٣٢پ.ز بەسود وەرگرتن لە خراپی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ململانێی چینایەتی و بڵاوبوونەوەی پەشێوی و نائارامی و ڕاکێشانی سۆزی جەماوەری ستەمدیدەو پڕوپاگەندەی داکۆکیکردن لە مافەکانیان و بەهرەمەندبوونی لە پشتگیری هەندێکیان و وەرگرتنی بەڵێنی یارمەتیدان لە خەزوری (تیئاگنیس Theagenes),دیکتاتۆری (میگارا)، و ڕاوێژکردن بە فالگرەوەکانی پەرستگای (دلفی) و ڕێنوێنی کردنیان بەپەلاماردانی قەڵای (ئەکرۆپۆلیس)و داگیرکردنی لەکاتی جەژن، کەمەڵبەندی کارگێری وسەربازی ئەسینا بوو، و بەجێگەیاندنی ڕێنوێنیەکەیان، و بە پەیرەوی کردنی تاکرەوی لە حوکمڕانی و کۆتایی

---

(١) غانم محمد صالح: الفكر السياسي القديم والوسيط، (بغداد:١٩٨٨)،ص٣.

( ٢) علي عكاشة واخرون: اليونان والرومان، دارالامل ، (اربد:١٩٩١)، ص٥٩.

( ٣) اربرگر و دیگران: تاریخ جهان باستان(یونان)، ترجمه محمد صالح انصاری و دیگران،ج٢، انتشارات فیردوس،(تهران:١٣٨٦ه.ش- اي هجري شمشي- )، ص١١٠.

(٤)غانم محمد صالح، المصدر السابق، ص١١.

(٥) محمود فهمي: تاريخ اليونان، مكتبة و مطبعة الغد، (الجيزة:١٩٩٩)، ص٤٣.

(٦ ) عامر سليمان و احمد مالك الفتيان: محاضرات في التاريخ القديم،(الموصل:د.ت), ص٤١٧.

( ٧) حوکمڕانی(Arstocracy) لەسەرچاوەیەکدا بەواتای حکومەتی باڵاترەکان(برترها) لێکدراوەتەوە. فئودور.ب.کوروفکین: تاريخ يونان باستان، ترجمه غلامحسين متين، چاپ دوم،انتشارات محور چاپخانه فراين،(تهران:١٣٧٨ه. ش).

(٨ ) روبرت ج. ليتمان: التجربة الاغريقية, حركة الاستعمار والصراع الاجتماعي٨٠٠- ٤٠٠ ق.م, ترجمة وتقديم وتعليق منيرة كروان, المجلس الاعلى للثقافة,(د.م: ٢٠٠٠) ص١٢٢؛ Marshal Cavendish: Ancient Greece,(Malaysia:2010),p.74.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

هێنـان بـه سیسـتەمی ئۆلیگـارکی(کەمینــە) ئەرسـتۆکراتی،هەوڵیدا خـۆی وەك دیکتـاتۆری ئەسـینا بسـەپێنێ، دوورخرانەوە وتەرمی مردووەکانیشیان فڕێدرانە دەرەوەی سنوری ئەتیکا، ئەوەش لەبـەر ئـەوەی کـە (میگاکلیس) سەرۆکی ئەو بنەماڵەیـە ، کـە ئـەرکی کۆتـایی هێنـان بەوڕابوونـەی پێسپێردرابوو، بـێ بەزەییانـە کەوتـە وێـزەی (کیلۆن)وهاوکارەکانی و، بـێ گوێدانـە ڕێـزی پەرسـتگای خواوەنـد ئەسـینا، کـە پـەنایان بـۆ هێنـابوو، هـەموانیانی لەناوبرد و، ئەوەش بوو بـەهۆی هەڵگیرسـانی شـەڕی نێـوان ئەسـینا و میگـارا و وروژانـدن و بێـزاری جـەماوەرو، تۆمەتبارکردنی بنەماڵەی نـاوبراو بـە پەیمانشـکێنی و سـتەمکاری دەرهـەق بـە پـەناخوازانی پەرسـتگا و هۆکـاری هەڵگیرساندنی شەڕ(9).

بڕیاری دورخستنەوەکەشیان لەلایەن دادگایەکی پێکهاتو لە سێسەد پیاوماقوڵ دەرچوو، کـە (سـۆلۆنSolon ٦٤٠_٥٥٨ پ.ز)ی (10) یاساناس و چاکسازیکار(11) بەهاوکاری سەرکردەکانی ئەسینا بۆکۆتایی هێنان بە ناکۆکی و دژایەتی نێوان ئەو دوو بەرەیەی لەئەنجامی ئەو ڕەوشە دەرکەوتن، پێکیهێنا(12) .

دواتـر خانـەوادەی ئالکیمئونیـدی لەنێویانـدا (کلیسـثینیس) کەوتنـە بـەرلێبوردنی سـۆلۆن و گـەڕانـەوە، بـەڵام لەسەردەمی (بیستراتۆس Pisitratus) ( ٥٤٦ - ٥٢٧پ.ز) - کە سەردەمەکەی و ماوەی حوکمی کوڕەکانیشی تـا سـاڵی ٥١٠ پ.ز, بەسـەردەمی سـتەمکاران(الطغـاة) ناسـراوەو تیایـدا حوکمڕانیـەکی تاکەکەسـی و ڕەهـا پـەیڕەو کراوە(13) - لەگەڵ چەند خانەوادەیەکی تری ئەرستۆکراتی ئەتیکایان بەجێهێشت(14) و خۆیان لە مەنفا دۆزیەوە و بـەگوێرەی ئـەوەش کـە لەسەرچـاوەیەکدا هـاتووە پێدەچـێ دوورکەوتنـەوەی ئـەمجارەیان بـەهۆی ناکۆکیـەکی کۆمەڵایەتی و مەسەلەی ژن وژنخوازی بووبێ(15) و، نەشتوانرا بگەڕێنرێتـەوە تاسـاڵی (٥٢٥ پ.ز) و لەسـەردەمی کوڕەکانی بیستراتۆس دا، هەر کە گەڕانـەوەش(کلیسـثینیس)وەك سـەرۆکی بنەماڵـەی (ئالکیمئونیـدی)، بـۆ مـاوەی ئەوساڵە بە ئەرخۆن (حاکمی مەدەنی Archon)هەڵبـژێردرا، و سـاڵی (٥٢٤ پ.ز) (میلیتیـادیس(Militiades جێـی گرتـەوە , پاشـان بـەهۆی ئـاڵۆزی لێکتێگەیشـتنی سـەرکردەی بنەماڵە دەستڕۆیشـتوەکان جـارێکی ترنـاوبراو دورخرایــەوە و, پێوەندیشـی لەگـەڵ بنەماڵـەی جێگرەوەکـەی تێکچـوو، یـەهۆی ئـەوەش کـە (کیمـۆنی) بـاوکی

(٩ ) عادل نجم عبو و عبدالمنعم رشاد محمد: اليونان و الرومان، دراسة في التاريخ والحضارة، (الموصل: ١٩٩٣)، ص٥٧.
Robert W. Wallace: Revolutions and a New Order in Solonian Athens and Archaic Greece, in Kurt A. Raaflaub and others: Origins of Democracy in Ancient Greece, (California: ٢٠٠٧), pp.52-54.

( ١٠) بۆزانیـاری زیـاتر سـەبارەت بەسـۆلۆن بڕوانـە: بلوتـارك: السـير، ترجمـة جـرجيس فـتح الله ،جـزء الاول، منشـورات ئاراس،(اربيل:٢٠٠٥)، ص٢٠٩ومابعدها.

( ١١) بۆزانیاری سەبارەت بە چاکسیازی و یاساکانی بڕوانە: ارسطو: دستور الاثينيين، ترجمة الاب اوغسطينس بربارة، وزارة الثقافة، الهيئة العامة السورية للكتاب،(دمشق:٢٠١٣)،ص٣٠ _٣٨. ؛ Robert W. Wallace,Op. cit, pp.60-67.

( ١٢) ينظر بلوتارك،المصدر السابق، ص ص٢١٩- ٢٢١.

( ١٣) لطفي عبدالوهاب يحيى: اليونان مقدمة في التاريخ الحضاري، دارالمعرفة الجامعية،(الاسكندرية:١٩٩١)، ص ص١٣٠_ ١٣٢.

( ١٤) رجـب عبدالحميـد الاثـرم: دراسـات في تـاريخ الاغريـق و علاقتـه بـالوطن العربـي، منشـورات جامعـة قـار يونس،(بنغازي:١٩٩٦)،ص١٤٨.

( ١٥) روبرت ج.ليتمان، المصدر السابق، ص ص١٢٠_ ١٢١؛ Marshall Cavendish,op.cit.,p.٧١


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

(میلیتـادیس) بۆسـێ جـار بـەدوای یەکـدا لـە کێبـەرکێی گالیسکەڕانی و لەچوارچـێوەی یاریـەکانی (ئـۆلمپی) دا سـەرکەوتنی بەدەسـتهێنا، و جـەماوەرێکی زۆری پەیـدا بـوو، کوڕەکـانی بیسـتراتۆس (هیپـاسHippias وهیپارخۆسHipparchos ) لێی بەگومان کەوتن و، پەیوەندیان لەگەڵی تێکدا و بەئەنقەست غافلگیرکرد و تاوانەکەشیان پەردەپۆشکرد و، وردە وردەش ناکۆکیـەکان پـەرەیان سـەند و هاوڵاتیـانی بـۆ چـەند بـەرەی پێـك نەیار دابەشکرد و، کاتێکیش لە (٥١٦پ.ز) (میلیتیـادیس) بـۆ گـرتنی چـەند شـوێنێکی بـاکوری دەریـای (ئیجـە) ڕاسپێردرا و سـەرکەوتوش بـوو، دەرفـەت بـۆ ئەسـینیەکان ڕەخسـا تـا کـۆچ بکـەن، بـەڵام گەڕانـەوەی زۆربـەیان لە(٥١٤_٥١٣پ.ز)و گرتنی باکوری دەریای(ئیجە) لەلایەن ئەخمینیەکان و، وەتەگەرە کەوتنی بازرگانی تیایـدا و چالاکی دوورخراوەکان و هەوڵدانیان بۆ گەڕانـەوە و کارکردنیـان بـۆ ڕاکێشـانی سـۆز و پشـتیوانی ئەسپارتەیەکان و(١٦)، پەنابردنی هیپاسی کوڕی بیستراتۆس بۆ پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی ستەمکارانەی پڕ لە توندو تیـژی، دوای کـوژرانی (هیپـارخۆس)ی بـرای لـە هـەوڵێکی تیرۆریسـتیدا، بـارودۆخی ئـابوری و کۆمەڵایـەتی و سیاسـی وڵـاتی هێندەی تر ئاڵۆز بوو(١٧).

بنەماڵـەی (ئالکیمئونیـدی)ش کـە وەك وتـرا ئەندامـەکانی لـە مێـژبوو دوورخرابوونـەوە (١٨) و لـە تاراوگـە دەژیـان، بـە دەرفـەتیان زانـی و، بـۆ ڕزگـار بـوون لـە دەسـەڵاتی دیکتـاتۆری و هێرشـکردنە سـەر ئەسـینا کەوتنـە کۆکردنەوەو تەیارکردنی سوپا(١٩), (کلیسثینیس) یش کە وەك سەرۆکی ئـەو بنەماڵەیـە بەهـەمان شـێوەی بـاوکی ڕێبەرایەتی ئازادیخواز و ئەرستۆکرات و تـازە دەوڵەمەندەکانیشی دەکـرد، تـوانی پشـتگیری پیـادەی قورسـی سـوپا بەدەست بهێنێت بشبێتە هاوپەیمانی گەل(٢٠) .

هەروەها لەبەرئەوەش کەناوبراو کەسایەتیەکی سیاسـی ژیـر بـوو ، تـوانی لـە ڕێـی بەرتیلـەوە فالگرەوەکـانی پەرستگای (بیثیاpythia ) ڕازی بکات, بـەوەی کـە تـەنها بـە وتـنی ڕسـتەی "پـێش هەمووشـتێك ئەسـینا ڕزگـار بکەن" وەڵامی ئەو ئەسپارتیانە بدەنـەوە، کـە بـۆ ڕاوێـژکردن ڕوویـان لێـدەنان، لەبـەر ئـەوەش ئەسـپارتیەکان لـە هەموو شوێنێك دژایەتی بەرقەرار بـوونی سیسـتەمی دیکتـاتۆری بـوون و پشـتگیری ئەرسـتۆکراتیەکانیان دەکـرد، هەماهەنگی کردن و ڕێککەوتن لەگەڵیان ئەستەم نـەبوو و، لـە ئەنجامیشـدا بـە یارمـەتی سـوپای ئـەوان، لـە سـاڵی (٥١٠ پ.ز) بەسەر(هیپاس)دا سەرکەوت و فرمانی دورخستنەوەی خۆی و ئەندامانی خێزانەکەی دا(٢١).

دوای ئــەو ڕووداوە و ســەرکەوتنی لــە پرۆســەی کۆتــایی هێنــان بەسیســتەمی ســتەمکاری, لەگــەڵ (ئیسـاگۆراسIsagoras ) کـە (کلیـومینسCleommenes ) پادشـای (ئەسـپارتە) پشـتگیری دەکـرد، لەسـەر دەسـەڵاتی سیاسـی بۆماوەیـەکی کـورت کەوتـە ناکۆکیـەکی تونـد و, کـە لەکۆتاییشـدا پادشـای ئەسـپارتە ناچـار بەدەرچوون لە ئەسینا کرا, وەك کەسیی یەکەمی وڵات جڵەوی دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت و، دەرفـەتی بۆڕەخسا

---

(١٦) عادل نجم عبو و عبدالمنعم رشاد محمد: المصدر السابق، ص ص ٧١_٧٢.

( ١٧) ارسطو، المصدر السابق، ص٥٦.

(18) see Marshall Cavendish,op.cit.,p..٧٤

( ١٩) محمد كامل عياد: تاريخ اليونان، دار الفكر، (دمشق:١٩٨٠),ص٢٤٥.

( ٢٠) رجب عبدالحميد الاثرم، المصدر السابق، ص ص١٣٠_١٣١.

( ٢١) ارسطو، المصدر السابق،ص٥٧؛ محمد كامل عياد، المصدر السابق، ص ص١٤٥_ ١٤٦.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

تا دەست بکات بە ئەنجامدانی چاکسازی گرنگ لەسیستەمی بەڕێوەبردنی وڵات([22]) و , لە بەر بەڵێندانیشی بەوەی لە ڕێی هاندانی یەکترتەواوکردن(تکامل)ی سیاسی نێوان شارەکان و هاوڵاتیانی و، دابینکردنی یەکسانی زیاتر و فراوانکردنی دەرفەتی بەشداریکردنی زۆرترین ڕێژەی دانیشتوان لەجومگەکانی بەڕێوەبردنی وڵات، سنور بۆ ئەو ململانێیانە دابنێ کەزیان بەبەرژەوەندی گشتی دەگەیەنن و، چاکسازیە پێشنیارکراوەکانیشی پێشوازی گەرمیان لێکرا.([23]). بەهاتنە سەرکاریشی کۆتایی بە سەردەمی ستەمکاران هات و سەرەتای بەرقەرار بوونی سیستەمی دیموکراتی دەستی پێکرد([24]).

بەگوێرەی ئەوەش کە وتراوە (کلیسثنیس) کەسایەتیەکی لەڕادەبەدەر زرنگ و خاوەن ورەیەکی بەهێز بووە و، لە خۆی دا بیرکردنەوەی لۆژیکیی ورد و ئامبازبوون (اندفاع) بۆکاری یەکلایی کەرەوەی خێرای، کۆ کردبۆ وە, واپێدەچێ لە لایەك وەك (سۆلۆن) ویستبیەتی ئەو دامەزراوە و ئەو بەشەی لە سیستەمی باو بەچاك و پەسەند دێتە بەرچاو بپارێزێ و، لە لایەکی تریش لەهیچ گۆڕانکاریەك سلّ نەکاتەوە, کە بارودۆخی نوێ خواستبیەتی، بۆیە بەردەوامی بەئاڕاستەی پێشکەوتندا گوزەری کردوە، ئەمەش وایکردووە کە چاکسازیەکانی بەشۆرشی ڕاستەقینە وەسف بکرێن و، وا لێکبدرێتەوە کە ئەو دێموکراتیەتی بەچەکی گونجاو و پێویست، بۆ سەرکەوتن بەسەر ئەرستۆکراتیەت کە لەمێژ بوو تێکۆشانی بۆی دەکرد لە لایەك و، بەسەر دیکتاتۆریەت کە لە ماوەکانی دوایی دا هەموو دەرفەتێکی بۆ بنبڕکردنی ئازادی گەل دەقۆستەوە، تەیارکردووە([25]). یان هیچ نەبێ وڵات لەگەڕانەوە بۆ دۆخی رووبەرووبوونەوەی خوێناوی نێوان خانەدانەکان و باقی خەڵك وەك ئەوەی پێش بوونە ئەرخۆنی (سۆلۆن) بپارێزێ، کەپێویستی بەئاشتکردنەوەی دووچینەکەو چاکسازی لە کاری حکومەت و باشکردنی گوزەرانی خەڵك بوو([26])، دەشێ تێبینی پێشوازیکردنی خەڵکیش لەڕێی خوێندنەوەوە, لەدێموکراسیەت کەبەمانای حوکمڕانی گەل گوزارشی لێکراوە، وای کردبێ کە یەك لەنوسەران کە پێی وابێ ئەسینایییەکان زۆر بەدڵسۆزی و بەگوێرەی ئەو تێگەیە(مفهوم)ی هەڵی گرتووە،هەوڵی پراکتیزە کردنیان داوە([27]).

دەکرێ چاکسازیەکانی ( کلیسثینیس)کە بەگشتی ڕەهەندی نیشتمانیان هەبوو، لە چوارچێوەی چەند ناونیشانی جیاوازدا بخرێنە بەرباس و بەمشێوەیەی خوارەوە ڕاڤە بکرێن وبکرێنە بابەتی شیکارکردن:

---

([22]) ا.بتري: مدخل الي تاريخ الاغريق وادبهم واثارهم، ترجمة يوئيل يوسف عزيز، مؤسسة دار الكتب للطباعة والنشرفي جامعة الموصل،(الموصل: ١٩٧٧)، ص٢٢.

[23] Kurt A. Raaflaub: The Breakthrough of Demokratia in Mid- Fifth-Century Athens, in Kurt A. Raaflaub and others: Origins of Democracy in Ancient Greece, (California:2007), p.145.

([24]) حسين الشيخ: دراسات في تاريخ حضارة اليونان و الرومان، دار المعرفةالجامعية، (الاسكندرية: ١٩٨٧)، ص٨٦.

([25]) محمد كامل عياد، المصدر السابق، ص٢٤٧.

([26]) ،فئودور.ب. كوروفكين،منبع سابق، ص٥٨.

([27]) ممدوح درويش مصطفي و ابراهيم السايح: مقدمة في تاريخ الحضارة الرومانية واليونانية، تاريخ اليونان،المكتب الجامعي الحديث(الاسكندرية:١٩٩٨_١٩٩٩)،الجزء الاول، ، ص٥١.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**یەکــەم: ئاوێتــەکردنی کۆمەڵایەتیانــەی خــەڵك و کــارکردن لەســەر کەمکردنــەوەی دەمــارگیری خێڵایەتی:**

لەبەر ئەوەی نیمچە دورگەی (ئەتیکا) کە پانتاییەکەی بەهەموو ئـەو گوندوشـارو دەوروبـەر و بەندەرانـەی لەخۆی دەگرێت سنوری دەوڵەتە شاری ئەسینای پێکدەهێنا، لـەرووی جوگرافی یـەوە لـە سـێ هـەرێمی( چیاکان ، دەشتەکان ، کـەنارەکان ) پێکهـاتووەو هـەر جیاجیـایی ئـەو هەرێمـە نـەش تـەوەری مەسـەلەی یـەکگرتن وهـەوڵی لێکجیایی و هەڵوەشان بوون لەبواری سیاسی و کۆمەڵایەتیدا([٢٨])، چونکە جگە لەوەی کە خودی دەوڵەتە شار, کـە گوایە بەتێڕوانینی ئەرستۆ بریتی یە لە هاوبەشیی نێوان بنەماڵە و عەشیرەتەکان لە پێناو گوزەرانـدنی ژیانێکی ئاسودە، لەسەر بنەمای پەیوەندی خزمایەتی و ڕێوڕەسمی خێڵایەتی بنیاد نرابوو([٢٩])، کە تیایدا خێزان بە دایـك و بـاوك و هـەموو ئەوانـەی لێیـان دەکەوتنـەوە، بنـەمای سـەرەکی سیسـتەمە کۆمەڵایەتیەکـەی بـوو و، هـەموو ئەنـدامان وابەسـتەی نـەریتی بـاوی خێـڵ و فرمـانی سـەرۆکەکەیان بـوون، کـە بـەمیراتگری دەسـەڵاتی بـاپیرە گەورەیان دەزانی([٣٠])، بۆدانیشـتوانی ئـەتیکاش راسـتبێ ، کـە بەهـەمان شـێوە لەسـەر بنـەمای پەیوەنـدی خـوێن و خزمایەتی بۆچوار عەشیرەت و دوانزە تیرە (بطن)و سێسەدو شەست بنەماڵە(اسرة) دابەش ببوون([٣١]).

هەرتیرەیــەك زەویــەکی تایبــەت و پانتــایی یــەکی جــوگرافی بــەناوی ســێ یــەك(ثلــث tritty)هــەبوو و، ئەندامەکانی بریتی بوون لەدوو کۆمەڵە، یەکیان ئەو ئەندامانەی خێڵ بوون کە خاوەنی زەوی کشتوکاڵی بـوون و ژمارەیەك خێزانی جیاواز لەرووی ساماندارى و پلەی خانـەدانیان پێکدەهێنا و، کۆمـەڵی دووەمـیش ئەوانـەبوون کە بەبازرگانی و پیشەسازی و پیشەی ترەوە خەریك بوون([٣٢]).

بەگشــتیش کــە لــەڕووی چــینایەتیەوە بەســەر (ئەرســتۆکراتەخانەدانەکان- النــبلاء الارســتقراطيين Eupatridae- ،جوتیـارانی خـاوەن زەوی- الـزراع مــن اصـحاب الاراضـيGeorgi -، پیشــەوەران- الصــناع Demiurgi -، کرێکاران یـان بێبەشـان- العمـال او المعـدمين Hektemoroi او Thetes ) ([٣٣])، دابەشـبووبن و، لەسەرەتاشدا چینەکانی خوارەوە مافی وەرگرتنی پلەوپۆستی باڵا وبەشـداری کردنـی سیاسـی و مومارەسـەکردنیان نەبووبێ و([٣٤]) ئەو مافە تەنها بۆچینی یەکـەم بـووبێ([٣٥])،و خـەڵکی هەرناوچـەیەکیش خـودانی شـێوازی ژیـان و بیرکردنەوەی تایبەت بووبێ و، بەپێگە وجۆری چالاکیەکەیان، چینێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراویان پێکهێنـابێ، کـە بەرژەوەنـدی ئـابووری و تێـڕوانینی سیاسـیان نـەیارو دژی بەرژەوەنـدی و تێـڕوانینی چـینەکانی تـر بـووبێ و،

---

([٢٨]) عادل نجم عبو و عبدالمنعم رشاد محمد، المصدر السابق،ص٥٣.

([٢٩]) روبرت ج. ليتمان، المصدر السابق،ص٢٧.

([٣٠]) محمود فهمي، المصدر السابق،ص٣٤.

([٣١]) الفريد زيمرن: الحياة العامة اليونانية, ترجمة، محسن الخشاب، المجلس الاعلي للثقافة، (القاهرة: ٢٠٠٧)، ص١٦٩.

([٣٢]) عادل نەجم عبو و عبدالمنعم رشاد محمد، المصدر السابق،ص٥٣.

([٣٣]) ا.برگر و دیگران، منبع سابق،ص١٢١ ؛ ا.بتري، المصدرالسابق، ص١٦.

([٣٤]) روبرت ج. ليتمان، المصدرالسابق، ص٣٢.

([٣٥]) ا.بتري، المصدرالسابق، ص١٦.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئەوەش ململانێ و خۆرێکخستن لەچوارچێوەی پارتی سیاسی لێکەوتبێتەوە(٣٦)و یاسا دانەرانیش لە هەوڵ دابووبن هاوسەنگی نێوانیان ڕابگرن و ملکەچی سیستەمێکی دەستورییان بکەن، کە زامنی مافی هەموان بێ و خۆشگوزەرانی و ئازادی تاکەکانیان فەراهەم بکات و، هەر ئەوەش بووبێتە هەوێنی بیری گەڕان بەدوای نمونەی باڵا لە شاری چاك لەلای فەیلەسوفانی یۆنانی(٣٧)، ئەوە ڕۆڵی دانیشتوانی هەر یەك لەو هەرێمانە بەپێ ئەو سروشتەکەسیەی لێی بەهرەمەند بوون و، گونجاوی ناوچەکەیان بۆجۆری ئەو چالاکیە ئابووریەی تیاتدا ئەنجامدەدرا، وپێداویستی هەرناوچەیەکیش،کە ئەویتر توانای پڕکردنەوەی هەبوو، ئامانجێکی هەمە ڕەهەندی هێناوەتە گۆڕێ کە ئەگەر لەرێگەی مامەڵەو گفتو گۆ (تعامل و حوار) ی نەرم نەگەیشتبا ئەنجام، توندوتیژی بەخۆیەوە دەبینی(٣٨).

بۆیە زۆر جار سەرۆکی پارتەکان یان خوازیارانی وەرگرتنی دەسەڵاتی سەر بەچینە جیاجیاکانی کۆمەڵگا، کاتێك هەستیان بە پێگە و بەهای خۆیان کردوە، ئەو حاڵەتەیان بۆبەرژەوەندی خۆیان بەدەرفەت زانیوە و، بۆ بەئاکام گەیشتنیش هەنگاوی جۆراوجۆریان ناوە و ئاوێتەی ململانێ بوون و، لە میانەشیدا باری ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی بەرەوناهەمواری رۆیشتووەو دەسەڵاتدارە چاکسازەکانیش- بە درێژایی ئەو سەردەمانەی ئەسینا کە شێوازی جۆراوجۆری لە سیستەمی حکومڕانی تاقیکردۆتەوە-، بەهەوڵە چاکسازیەکانیان و یاساکانیان نەیانتوانیوە ڕێ لەدووبارە بوونەوەی بگرن(٣٩) و (کلیستینیس) خۆشی – وەك پێشتر باسکرا- یەك لەقوربانیەکانی ئەو جۆرە ململانێ یە بوو، ویستی لەڕیشەوە ئەو گرفتە چارەسەر بکات. ئەو کۆسپانەش کەڕوبەڕووی دەبوونەوە بریتی بوون لە چۆنیەتی کۆکردنەوەی بەڕێوە بردنێکی سەرکەوتووی ناوچەیی لەگەڵ حکومەتێکی ناوەندیی بەهێزو، چۆنیەتی سازاندن لە نێوان داخوازی بنەماڵەکان وبەرژەوەندی ناوچەیی لەگوندەکاندا(٤٠).

بۆئەو مەبەستەش سەرەتا شێوازی دابەشکاری دانیشتوانی هەڵوەشاندەوە وکۆمەڵگای ئەتیکای لەسەر بنەمای جوگرافی, لەبری چوار هۆز(عەشیرەت (phratries)کردە (دە) خێڵ (قبیلة phyl) و ئەویشی کردە سێ (تریتی)و هەریەك لە وانەشی کردە چەند گەڕەك(الحی Demos ) (٤١) یێك و هەموانیشی بەسەر(سێ) هەرێمە

(٣٦) بۆنمونە چیانشینان پەسەندی شێوازی دێموکڕاسیان دەکرد و دانیشتوانی ناوچە کەناریەکانیش هەواداری بەرقەرار بوونی سیستەمی ئۆلیگارکیا بوون و، دانیشتوانی ناوچە کەناریەکانیش خوازیاری تێکەڵاویەك لەهەردو سیستەمەکە بوون ، پارتەکانیش وێنەنوێنی ئەو ویست و بۆچونانەبوون. ینظر بلوتارك ، المصدر السابق، ص٢٢٠.

(٣٧) محمد کامل عیاد، المصدر السابق، ص ص٣٢-٣٣.

(٣٨) حسین الشیخ، المصدر السابق، ص ص٧٩-٨٠.

(٣٩) ینظر عادل نجم عبو و عبدالمنعم رشاد محمد، المصدر السابق،ص ص٥٣-٧٢ ؛ محمد کامل عیاد، المصدر السابق، ص ص٢١٤-٢٤٧.

(٤٠) الفرد زیمرن، المسدر السابق، ص١٦٦.

(٤١) لە کتێبی فئودور. ب. کوروفکین، منبع سابق، ص٥٧ دا، هاتووە کە جگە لە ئەرستۆکڕات وخانەدانەکان بەباقی خەڵکی تری ئازاد وتروە دیمۆس، رەنگە هەرلەو ناوەشەوە گەڕەکەکان بەدیمۆس ناوبرابن.وەرگێڕی کتێبی ارسطو،المصدرالسابق، ص٥٠،هامش٥(١)، وتوتویەتی کەوشە کە بەمانای گەل گوزارشی لێکراوە بەڵام لە چاکسازیەکانی کلیستینیس بەواتای دابەشکاری کارگێڕی وجوگرافی لەدەوڵەتە شاری ئەسینا دێت.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

سروشتیەکەی ئەتیکا(چیاکان و دەشتەکان و کاناراوەکان) دابەشکرد و، (دیم)ەکان بوونە بنەمای سیستەمی کارگێڕی و ئەندامیەتیشی تیایاندا کردە بنچینەی مافی سیاسی وهاوڵاتیبوون، و لەبری ئەوەی وەك پێشو سێ (تریتی) هاوخوێن (فرترایس)ێك پێکبهێنن، سێ (تریتی)ی ناوچەیی (فێیل)ێکیان پێکدەهێنا([٤٢]) و هەر (دێم)ێك بەشێوەی حکومەتی گوند (حکومة القرية)ڕۆڵی دەگێڕا([٤٣])، لەهەر یەکێکیاندا دەسەڵاتی خۆجێی وخەزنەدار(امين صندوق) وشوێنی کۆبوونەوە ومافی کۆنترۆڵکردنی هاوڵاتیانیان هەبوو، کە لە ویستی قوڵی دێ نشینان بۆ خۆڕێبەری کردن سەرچاوەی گرتبوو([٤٤])، بەوەش کۆتایی بەدەستەبەندی تیرەگەری وابەستەیی خێلایەتی هات، کە ببووە هۆی دەکەوتنی سێ پارتی دژبەیەك، کەهەر یەکەیان نوێنەرایەتی هەرێمێك و ئەو کۆمەڵە خەڵکانەیان دەکرد کە خەرێکی ئەوجۆرە لەچالاکی ئابووریە بوون کە لەناوچەکەیان ئەنجام دەدراو، بریتی بوون لە پارتی (کەنار), کەتایبەت بوو بەوانەی بەبازرگانیەوە خەریك بوون, و پارتی (دەشت)کە نوێنەرایەتی خاوەن زەویە کشتوکاڵیەکانی دەکرد و،پارتی ( چیا) کە ئاژەڵدارەکانی لەخۆی دەگرت([٤٥]) .

ئەو هەنگاوە ئەوەشی لێ دەخوێنرێتەوە کە ناوبراو ویستویەتی لەبری دەمارگیری خێڵایەتی و شونکەوتەیی کوێرانەی بنەماڵە خۆبەمیراتگری باپیرە گەورە زانەکان و، قۆرخکارانی مافی سەرکردایەتیکردنی خێڵ - کەلەبەر بەرژەوەندی خۆیان و مانەوە لە دەسەڵات ئامادەی چاوپۆشیکردن لەهەموو نەهامەتیەکی هاوخوێنەکانیان بوون- و، ناوچەگەرێتی و دەستەبەندی سیاسی لە چوارچێوەی پارتایەتی بەرتەسك، کە هەمیشە دەبوونە کۆسپی بەردەم پێشکەوتن و هەوێنی یەکتر قبوڵ نەکردن و ناکۆکی و ڕق بەرامبەر ئەوانیتر و لێکترازانی کۆمەڵگا و، گیانی هاوکاری و ئیرادەی دەستەجەمعیشی بۆ بەرەو پێشچوون و ڕووبەڕووبوونەوەی کارەسات و مەترسی دەرەوە لاوازو بێبەها دەکرد، ڕەوشێکی کۆمەڵایەتی وا بێنێتە ئارا کە فرەیی و هەمەڕەنگی تیادا ڕەنگ بداتەوە و، چوارچێوەیەك بێت کە تیایدا ویست و بیر و دنیابینی وشارەزایی و نیەت و ئیرادە وهەوڵ و چالاکی و ڕۆڵی هەمووان، بۆ توانستی وەڵامدانەوەی پرسیار و پێداویستیەکانی سەردەم، لە دەوڵەتێکی یەکگرتوی ئامادەی پێشکەوتن وشیاوی بەپێشەنگ بوون و وەرگرتنی جڵەوی سەرکردایەتی کردنی دەوڵەتە شارەکانی تری گریك، ئاوێتەی یەکتر بن. بەتایبەتیش ئەگەر زانرا - وەك بەجۆرێك لە زیادەڕۆییەوە وتراوە- هاوڵاتیانی ئەسێنا بەهرەمەند بوون لە ئاگاییەکی شارستانیانیەی پەرەسەندوی کەم وێنە، کە توانستی هەمووەکی(قدرة عامة) بۆ دروستکردنی کۆڕایی خەڵك (اجماع الشعبي) و کار پێکردنی، دەهێنا ئارا و ئەوەش خاڵێکی وەرچەرخانی گرنگ بوو لە مێژووی ئەو وڵاتە([٤٦]) کە ئاسانکاری دەدایە هاوڵاتیانی تا بتوانن مامەڵەی دروست لەگەڵ پێشهاتەکان بکەن و،ئەو ڕێکارانەش کە دەخرانە ڕوو بە حەقیقەتگەلێ نوێیان بگەیەنن.

---

([٤٢]) ارسطو،المصدر السابق،ص ص٦١-٦٢؛ فوزي مكاوي رجب عبدالحميد الاثرم: المصدر السابق، ص١٥١؛ Lesley Adkins and Roy A. Adkins:Handbook to Life in Ancient Greece,٢nd ed,(New York:٢٠٠٥,p..١٤٦

([43]) Robert W. Wallace,Op. cit, p.76.

([44]) Ibid,p.77.

([٤٥]) لطفي عبدالوهاب يحيي:المصدر السابق، ص١٢٣؛ علي عكاشة واخرون، المصدر السابق، ص٧٩.

([46]) Kurt A. Raaflaub,Op.cit, p..١٤٦


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

چـونكە وەك وتـراوە ئـەوخاكی ئـەتیكای كـردە سـی( دیمـوس)، دە دیمـوس لەدەوروبـەری شـار ودە دانـەش لـە (بارالیا: ناوچەی كەنار) و، دەدانەشیان لە (میزوجیا: ئـەتیكای ناوەڕاست) ([٤٧]) ، یـان بـەدەربڕینێكی تـر، ئـەتیكا كە پێشتر بۆسێ (هـەریمی چیا ودەشـت وكـەنار)دابـەش ببـوو، كردیـە سـێ هـەرێمی نزیكـەی وەك یـەك لـەڕووی ژمارەی دانێشتوان وبریتی بوون لە( ١. ناوچەكەناریەكان، ٢. شارو دەورو بەری، ٣. ناوچەكانی ناوەوە) و لەهەر (دێم) یێك- كە وەك پێشتر باسكرا- بچوكترین یەكەی پێكهێنەری ئـەو دەوڵەتـە شـارە بـوو، بازرگـان و ئاژەڵـدار و پێشەوەر و دورخراوە وناهاوڵاتی بەیەكسانی و بەبێ جیاوازی وەك ئەندامی ئەو گەڕەكانـە تۆمـاركرد و، زۆربـەی ئـەو گەڕەكانـەش كەیەكـەی گـەورەتر بـەناوی (تـریتی) یـان لـێ پێـك دەهـات لـەروی پێكـەوەگونجان پەیوەنـدی، پێشینەیان نـەبوو وبەمشێوەیەش هەر یەك لە (ناوچەكەناریەكان، شارو دەورو بەری،ناوچەكانی نـاوەوە) بەشـێك لەخەڵكی هەریەك لەوسێ هەرێمـەی پێشوو(هـەریمی چیا ودەشـت وكـەنار)ی لـەخۆدەگرت و، سروشـتی هەرسـێ ناوچـەكەی لەخۆیـدا جێكردبـۆوە و، پێشـتریش وتـرا كـە خـەڵكی هەرناوچـەیەك لـەو ناوچـانە شـێوازی ژیـان و بیركردنـەوەی تایبـەت بـەخۆی هـەبوو و، هـەموو ئـەو (تـریتی)یانەشـی كـە بەسـیانیان كەهاوسـێی یەكترنـەبوون هـۆزێكی لـێ پێكـدەهێنان، یـەك یـەك و بـەتیر وپشـك لـەو سـێ هەرێمـە، واتـا ( ناوچـەكەناریەكان، شـارو دەورو بەری،ناوچـەكانی نـاوەوە)، كـە ئـەتیكای بەسـەردا دابەشـكردبوو، دیـاری دە كـرد و پەیوەنـدی خـوێن وپێشـینەی بەرژەوەندی كۆی نەدەكردنەوە، هەموو (دێمی) یـەكیش یەكـەكی بنچینـەیی بـوو لـەكارو بـاری دارایـی ودیـنی و هەڵبـژاردن و، كۆمەڵـە(جمعیـە)و ڕێ ورەسـم و كـەش(طقـوس)ی ئـاینی تاتیبـەت بـەخۆیان هـەبوو و، هاوڵـاتی بـوونیش تیایانـدا ببـوو بـە(بـۆ مـاوەیی) و، لەسـەر بنـەمای مانـەوە لەشـوێنێك بەدەسـت نـەدەهات وخێـزان گواستبایەوە هەرشوێنێك بەئەندامی ئەو گەڕەك(دێمی)ە پێشوی هەژمار دەكرا كە تیایدا تۆمار كرابوو([٤٨]) .

زۆربـەی ئەندامـە تۆماركراوەكـانیش پێوەنـدی خـوێنی بەیەكـەوەی نەبەسـتبوونەوە و سـەر بەیـەك چـینی كۆمەڵایـەتیش نـەبوون و، هەریـەك لـەو گەڕەكانـە لـەڕووی ئیداریـەوە سـەرۆكی خۆیـان هـەبوو پێـی دەگـوترا (دیمـارخDemarch )، كـە لەلایـەن هـاو گەڕەكـەكانی بۆمـاوەی سـاڵێك هـەڵ دەبـژێردرا وپارێزگـاری لیسـتی هاوڵاتیانی دەكرد و، ئەوانەشـی وەك هاوڵـاتی تۆمـار دەكـرد كـە تەمـەنیان دەگەیشتەحەڤدە سـاڵێ، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشدا هیچكام لە (تریتی و دیم ) كە هۆزیان لێ پێك دەهات سـەرەڕای گێڕانـی ڕۆڵـی دەوڵـەتی خـۆجێیی یـان حكومەتی گوند – وەك پێشتر وترا-، خاوەن قەوارە وكەسیەتی سەربەخۆ نەبوون، بەڵكو ئەوان تەنها ئیش وكـارە ناوخۆییەكانیان ڕایی دەكرد و ئەوانەش كەپێویسـتیان بـە ئاسـتی باڵـاتری شـار هـەبوو، هـۆز پێـی هەڵدەسـا، بـەو سیفەتەی هەموو یەكەكانی لەخۆیداكۆكردۆتەوەو نوێنەری هەمووانە([٤٩]).

هەموو ئەوانەش ئەوە دەردەخەن كە گونجاو نەبێ لە وەها دابەشكاریەكی وەك ئـەوەی (كلیسـثینیس) دا، كـە تیایدا بنچینەی خوێن و خزمایـەتی كەپێشـتر لـە ئـارادا بـوو بـۆ پێكـەوە ژیـانی كۆمەڵایـەتی هەڵوەشـێنرابێتەوە، لەبری ئەو جیاوازی خۆجێی بەبنەما گیرابێ و بەهۆیەوەش توانیبێ خێڵە خانەدانەكان هەڵبووەشێنێت و دەسـتە دەستە بەناوچە جیاجیاكاندا پەرت و بڵاویـان بكـات و، بـەوەش تـوانێبێتی لاوازیـان بكـات و بەربەسـت لەبـەردەم

---

([٤٧]) محمود السید: التاریخ الونانی و الرومانی، مؤسسة شباب الجامعة ،( المنصورة،: ٢٠٠٠)، ص٦٨.

([٤٨]) عادل نەجم عبو و عبدالمنعم رشاد محمد، المصدر السابق،ص٧٦.

([٤٩]) رجب عبدالحمید الاثرم، المصدر السابق، ص ص١٥٢-١٥٣.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**کاری گەلەکۆمەی نێوانیان دابنێ و (٥٠)، دانیشتوانیش کە بەبێگومان لەو هەرێمەی تیایدا تۆماردەکران مافی هاوڵاتیبوونی وەکیەکیان هەبووبێ و، توانیبێتیان دەستیان بەهەمووجۆرە بەروبومەکانی سنوری ئەتیکا بگات و مومارەسەی هەموو ئەو چالاکیە ئابووریانەش بکەن کە تیایاندا ئەنجام دەدرا، و هەمووان لەمەسەلەی بەڕێوەبردن و سەرکردایەتیکردندا دەرفەتی وەك یەکیان بۆ ڕەخسا بێت و، لەوە دەرچوبێت کەهەندێك بە میرات سەرکردەو زۆربەش هەتا هەتایی وەك شوێنکەوتە و گوێ لەمست و بەشخوراو بمێننەوە، و هەمووان وەکویەك لە ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی ئایینی و مەسەلەی دەنگدان و پەیڕەوکردنی داب و نەریتی کۆمەڵایەتی بەشدار بووبن و، بە بیر و شارەزایی و چالاکی هەمووان و لە ژێر کاریگەری یەکتر بۆژیانێکی خۆشتر و زاڵبوون بەسەر کۆسپەکان هەلی لەبارتریان هەبووبێت، ئەو هەرێمە یان بەزێدی خۆیان نەزانیبێ و پاراستن و گەشەپێدانیان نەکردبێتە ئەرکی هەرە لەپێش و لەوپێناوەشدا ویستی هاوبەش و نیەتی هاوکارییان نەبووبێت.**

**لۆژیکیش نی یە پەیوەندی دۆستانەی نێوان تاکەکان و خۆشەویستی و ئینتیمایان بۆهەرێمەکە، لەچوارچیوەی بەرژەوەندی هاوبەش و پێداویستیە زیندەگیەکانی ژیانی ڕۆژانەیان، کە تیایدا بەرهەمی بیر و ئیرادە و هەوڵی بەکۆمەڵیان دەچنیەوە، جێی پەیوەندی خوێنی و دەماگیری خێڵایەتی و وابەستەیی ناچاریی بەخاکی تایبەت بەخێڵ و، شوێنکەوتەیی و ڕەگەڵی کوێرانەی بۆ سیاسەت و مامەڵەی دەستڕۆیشتوانی بنەماڵە و ئەوەی لێی دەکەوتەوە، کە بەزۆری چینی گشتی تیایدا زەرەر مەند دەبوو، نەگرتبێتەوە .**

**بڵاوبوونەوەی هاوخوێنەکانیشیان بە هەرێمەکانی تر بەپێی دابەشکاریەکە، بەشێوەیەك کەوەك دەڵێن"هەموو هۆزێك لەهەموو ئەتیکا بوو"(٥١) و، ئەوەش کە بۆ هەر تاکێك هەبوو لە پەیوەندی خۆی بە عەشیرەتەکەی وئەندامیەتی لەو تیرەیەی لەڕووی خوێنیەوە بۆی دەگەڕایەوە وداب ونەریتی باوی خێزان و بنەماڵەکەی پارێزگاری بکات(٥٢)، هەلی ئەوەی ڕەخساندبوون کە لە بری نەیاریی و بیرکردنەوە لەهێز و، زۆرجار پەنا بردنە بەر هێزی دەرەکی بۆ یەکلایی کردنەوەی گرفتەکان - وەك پێشتر ڕووی دابوو- (٥٣) و، سود ببینن لە توانستە هەمەجۆرەکانی یەکتر، خزمانە لە یەکتر بڕوانن و لە هەمبەرنەیاران و مەترسی دەرەکیش بۆ سەرهەر هەرێمێك دانیشتوانی هەرێمەکانی تر، جگە لە دیسپلینی پاەێزگاریکردن لە وڵات وەك بنەمایەکی دەستوری، کە خەمی کاربەدەست و حوکمڕانان بوو، هاوڵاتیانی بۆ ئاڕاستە بکەن و، سۆزی خزمانەو هاوخوێنیش پاڵنەریان بێت ولەبەتەنگەوە هاتنیان سڵ نەکەنەوە.**

**سەرچاوەیەکیش جەختی لەوە کردۆتەوە کە هەردوو مەبدەئی(پەیوەندی خوێنی و پەیوەندی ناوچەیی، کە هاوڵاتی لەسەبنەمای ناوچکەیان بەیەکەوە کۆ دەکاتەوە) لە ئەپینا بەهێز و چەسپاو بوون و لەپێناو باڵا**

---

**( ٥٠) جایمس هنري براستد:العصور القديمة، ترجمة داود قربان، المطبعة الامريكية، (بيروت:١٩٢٦)، ص٢٢٩؛عامر سليمان و احمد مالك الفتيان، المصدر السابق، ص٤١٨.**

**( ٥١) محمود السيد،المصدر السابق، ص٦٨.**

**( ٥٢) ارسطو،المصدر السابق،ص٦٢؛ روجر جست: المرأة في أثينا(الواقع والقانون)، ترجمة منيرة كروان، المجلس الأعلي للثقافة، (القاهرة:٢٠٠٥)، ص٧٩.**

**( ٥٣) ينظر ا. بتري، المصدر السابق، ص٢١؛ روبرت ج. ليتمان، المرجع السابق، ص١٣٠.**


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

دەستی حکومەتی ناوچەیی لە کێبەرکێی توند دابوون([54])،گومانیشی تێدا نیە کە هەموو ئەمانە زەمینەیەکی هێناوەتە ئارا بۆ ئەوەی هەمووان پارێزگاری لەهەرێمەکانی یەکتر و لەکۆتاییشدا لە وڵاتەکە بەگشتی بکەن کە جێی هەمووانی تێدا ببۆوە، ئەوەش خودی ئەو چوارچێوەی هەستکردنەیە کە لە ئێستادا بە ئێنتیمای نیشتمانی و نەتەوایاتی گوزارشی لێ دەکرێ و هەوڵدانیش بۆ دروستکردنی ئەوجۆرە لە ئینتیما و بەهرەمەندکردنی هاوڵاتیان لێی، لە بنچینەیی ترین و لەپێشترینی ئەرکی فەرمانڕەوایانی نیشتمانی ونەتەوەپەروەر و خوازیارانی دروستکردنی دەوڵەتی چاك و گەشە پێدان و پاراستنیەتی.

## دووەم: ئەنجومەنەکانی گەل و پرسی ویست و داخوازیەکانی خەڵك:

لادانی بنەماڵەی بستراتۆس لەدەسەڵات وکۆتایی هێنان بەسیستەمی ستەمکاری ، لەبری ئەوەی وەك چاوەڕوان دەکرا ببێتە هۆی گێڕانەوەی ئاشتی بۆ وڵات، هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆی نێوان خانەدانەکان و چینی گشتی بەدوای خۆی داهێنا و، لەکۆتاییشدا کە (کلییسثینس) وەك سەرکردەی چینی گشتی سەرکەوتنی بەدەست هێنا، دەبوو چاکەی لایەنگرانی و ئەوانەی لەسەرخستنیدا یارمەتیدەری بوون، بە بەبنیاتنانی دەوڵەتێکی تەواو دێموکراتی ([55]) بە پێوەری ئەوسەردەمە کە وەك لەماناکەیەوە دیارە و بە زمانی قسەکردنی ئاسایی یۆنانیش حوکمڕانی گەل(حكم الشعب) ی دەگەیاند([56]) ، بداتەوە و دەشێ ڕۆیشتنیش لە سەرچاکسازیەکانی (سۆلۆن ) کە پێشتر ئاماژەی پێکرا، نەیگەیاندبێتە ئەو مابەستە.

چونکە ئەو سەرەڕای فراوانی ئاسۆی بیری و هەستی نیشتیمانپەروەرانەی و میانڕەوی و دانایی و پێداگری لەسەر بەرژوەندی گشتی کۆمەڵگەی ئەسینی و، ئەو هەموو یاسایانەی بۆکۆتایی هێنان بە ناکۆکیەکان و بەئامانجی بەیەکەوە هەڵکردنی کۆمەڵگا دایڕشتن ([57])، و بەهۆشیەوە هەندێك بە باوك و دامەزرێنەری دێموکراتی ناوزەدی دەکەن، بەڵام بەگشتی بەو سیستەمە حکومڕانیەی بۆ بەڕێوە بردن هێنایە ئارا کە بە تیموکراسی (Timocracy)ناسراوە و، تیایدا ڕیزبەندی وەرگرتنی پلە و پۆستەکان بە بڕی داهاتی ساڵانە وە پەوەست بوو([58]) کۆمەڵگای بەش بەش کردو، دەوڵەمەندەکانی کردە دەسەڵاتداری باڵا و، ئەوانەشی داهاتیان نەدەگەیشتە ئاستی بەشداریکردنی دەسەڵات، بێ بەش بوون([59]) وئەوەش بێگومان دەرفەتی لاڕێ کردن و پەنابردن بۆ شێوازی نەشیاو لەکۆکردنەوەی داهات بۆ بەشداریکردن لە دەسەڵات یان گەیشتن بە پلەو ئیمتیازی زیاتر بۆ چینە جیاجیاکان دروست دەکرد و، لەکۆتاییشدا وڵاتی ڕووبەڕوی قەیران دەکردەوە، بەتایبەتیش کە وەك وتراوە ئەو نەیویستوە یان نەیتوانیوە جێگۆڕکێی بەپێگەی کۆمەڵایەتی ئەندامانی چینەکان بکات، یان لانیکەم بیانکاتە هاوشانی یەکتر، بەمەش وادەردەکەوێت کەدەشێ سەرەڕای هەوڵدانی بۆکردنی دادوەری بە

---

( [54]) الفرد زيمرن، المصدر السابق، ص١٦٦.

( [55]) محمود فةهمي، المصدر السابق،ص٥٢.

( [56]) ە. د. كيتو: الإغريق،ترجمة عبد الرزاق يسري, مراجعة محمد صقر خفاجة, دار الفكر العربي (د.م:١٩٦٢)ص١٦٢.

( [57]) لطفي عبدالوهاب يحيي، المصدر السابق، ص ص١٢٥_١٢٦.

( [58]) آ.بتري، المصدر السابق، ص٢٠.

( [59]) محمد كامل عياد، المصدر السابق، ص ص٢٣٢_٢٣٤.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بەردی گۆشەی چاکسازیەکانی، نەیتوانییێ بەکارەکانی هەمووان ڕازی بکات([٦٠]) و، وایان لێبکات دەسەڵات بەدەسەڵاتی خۆیان و، هەموو ئەتیکاش بە نیشتیمانی خۆیان بزانن.

ئەوەش کەمایەسیەك بوو کە دەبوو (کلیسثینیس) لەسەری بوەستێت ودەشێ لەوەش تێگەشتبێ کە تەنها چارەسەر ئەوەیە، خەڵکی هەست بکەن گوێ لە ویستەکانیان دەگیرێت و کەسانێك نوێنەر و بەرپرسیاریانن کە لەخەم و خەون وئازاریان تێدەگەن و، لەنێو کایە و بوارە جۆراوجۆرەکان بۆ ئەو وەڵامانە دەگەڕێن، کەپێداویستی و پرسی ژیان و گوزەرانیان دەیخواست و لەگەڵ ڕەوتی پێشکەوتنی کۆمەڵگا و گیانی سەردەمیش دەهاتەوە و بەدەردی ئەوانی دەخوات، بێگومانیش بووبێ لەوەی کە بۆ ئەو مەبەستە کەس لەخۆیان گونجاوتر و بەحاڵیان ئاگادارتر نەبوو، بۆیە دەبوو خۆیان بکرێنە بەشێك لە دەوڵەت.

بۆ ئەو مەبەستەش بڕیاری دا لەجێی ئەو ئەنجومەنە چوارسەد کە سیەی کە سۆلۆن بۆ وردبینی و پەسەند (تدقیق و اقرار) کردنی فرمان و یاسا سەپێنراوەکانی سەر گەل([٦١])،و چاودێری کردنی کاروباری دەوڵەت، دایمەزراند بوو و ئەندامێتی تیایدا بۆ چینە سامانداەرەکانی سەروەوەی ئەو چوار (فراتراس)ە بوو کە پێشتر کۆمەڵگایان لەسەر بنەمای خوێن و خزمایاتی دابەش کرد بوو([٦٢])،و پەیوەندی خوێن و خزمایەتیش لە پێکهێنانیدا ڕۆڵی گەورەی یاری دەکردو،([٦٣]) چینی خوارەوەی هەمان ئەو هۆزانە، لەبەر نەبوونی بڕی داهاتی پێویست لێی بێبەش بوون([٦٤])، ئەنجومەنێکی پێنجسەد کەسی بەناوی(بولی Boule) پێکهێنا، کە دەسەڵاتی زیاتری هەبوو([٦٥]).

بنچینەی پێکهاتنی ئەنجومەنەکەش ئەو دە(خێڵ)ە بوو کە بە مەبەستی کۆتایی هێنان بە دەمارگیری خێڵایەتی و بەهێزکردنی هەستی نیشتمانی، لەبری چوار (فراترایس)ەکەی بەر لەسەردەمی خۆی، ببوونە هۆی دابەشبوونی کۆمەڵگا - وەك پێشتر ئاماژەی پێکرا-، و کردبوونیە بنەمای پێکەوە هەڵکردن، و لەهەر (خێڵ)ێك پەنجا کەس بەشێوەی تیرو پشك و بەگوێرەی ژمارەی دانیشتوانی (دێم)ە کان لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێردران و، هەموو هاوڵاتیەکیش مافی خۆ کاندید کردنی هەبوو، بەمەش ببوو بە دەستەیەکی دیاری کراو کە بەحەق نوێنەرایەتی و حوکمڕانی هەموو خەڵکی هەرێمی (ئەتیکا)ی وەك نیشتیمانی هەموان و تێکڕای چینەکانی کۆمەڵگای([٦٦]) لە چوارچێوەی دەوڵەتەشاری ئەسینا دەکرد وەك ، نەك تەنها هی ناوچەیەکی دیاریکراو و ئەو خێڵانەی پەیوەندی خوێنییان لگەڵیان هەبوو([٦٧]) ، هەر ئەمەش بۆ خۆی ڕەهەندێکی نیشتیمانی بوو و

---

([60]) Marshall Cavendish,op.cit.,p..٦٣

([٦١]) بلوتارك، المصدر السابق، ص٢٢٧.

([٦٢]) سيد احمد علي الناصري: الاغريق تاريخهم و حضارتهم، دارالنهضة العربية،(القاهرة:١٩٨١)، ص٢٠٠.

([٦٣]) لطفي عبدالوهاب يحيي،المصدر السابق، ص١٣٤.

([٦٤]) محمد كامل عياد، المصدر السابق، ص٢٤٨.

([65]) Marshall Cavendish,op.cit. ,p.٧٤

([٦٦]) فوزي مكاوي تاريخ العالم الاغريقي وحضارته، دار الرشاد الحديثة،(دار البيضاء:١٩٨٠)، ص١٠٥؛ رجب عبدالحميد الاثرم: المصدر السابق، ص١٥٣.

([٦٧]) علي عكاشة واخرون، المصدر السابق، ص٧٩.

گرتنەبەری ڕێوشوێنی وردو توندیش بۆپشکنینی کەسە سەرکەوتوەکانی پرۆسەی تیروپشك لەژیانی تایبەتی و گشتیاندا، پێش دەست بەکاربوونیان وەك ئەندامی ئەنجومەن و، هەندێك جاریش ئەگەری ڕەتکردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی ئەندامیەتیان بەهۆی نەکارایی و لێنەهاتووییان لەلایەن ئەنجومەنی ماوە بەسەرچوو، وگرتنەبەری هەمان ڕێ و شوێنی پشکنین وپێداچوونەوە بۆ ڕەفتارو هەڵسوکەوتی فەرمی، لە کۆتایی ساڵی ئەندامیەتیاندا ([68])، دەکرێ وەك بەڵگەی هەوڵی (کلیسثینیس) بۆ دڵنیا بوون لە توانستی کەسی هەڵبژێردراو لە جموجۆڵ ومەسەلەی ڕاپەڕاندنی ئەرکی سەشانی وەك کەسێکی ئاسایی و دروست ڕەفتارکردنی ئەنجومەن وەك دەزگایەکی نیشتیمانی لەماوەی کارەکەی دا ،سەیر بکرێت.

دیاریکردنی ساڵێك بۆماوەی ئەندامیەتی و تەنها دووجار مافی خۆپاڵاوتن بۆ هەرهاوڵاتیەك کەتەمەنی گەیشتبێتە سی ساڵ، بێ لەبەرچاوگرتنی بڕی داهات و پەیوەندی خێزانی، و دابەشکردنی تێکڕای ئەندامانیشی بۆ دە لیژنەی پەنجا کەسی سەر بە یەك(خێڵ)، بۆ ئەوەی لەماوەی ساڵێك دا، کە دابەش کرابوو بە سەر دە ماوەی سی و پێنج ڕۆژی ناسراو بە(Prytany)، و دابەش کردنی ئەویش بۆ پێنج ماوەی حەوت ڕۆژی و، بە نۆرە و بۆ هەر حەوت ڕۆژیش دە کەس لەو پەنجا کەسە بە نازناوی(پریتانیس Prytaneis)، سەرۆکایەتی ئەنجومەن بەدەستەوە بگرن و،([69]) بەشداری ژەمەخواردنێکی بەیەکەوەیی لەگۆڕەپانی شاربکەن و, هەموو ڕۆژێ یەکیك لەنێو خۆیاندا وەك سەرۆکی باڵاو کەسی یەکەم هەڵبژێرن, تا مۆری دەوڵەت و کلیلی پەرستگای ئەکرۆپۆلیس و خەزێنە, کەئەرشیف و پارەی تێدا هەڵدەگیرا وەربگرێت و لەماوەی ئەو ڕۆژە دا سەرۆکایەتی ئەنجومەن وکۆبوونەوەکانی بکات و بە هاوکاری سێ (تریتی) سەربە (خێڵ)ی فەرمانڕەوا, بەڕایی کردنی ئەرك و ئیش وکاری ئەنجومەن هەڵسێت ([70]). بێ لەبەرچاوگرتنی ئەگەری سەرهەڵدانی پەشێوی لەبەڕێوەبردن دا, ئەویش لەبەر کەمی ماوە و نەبوونی دەرفەتی پێویست بۆ تێگەیشتن لەئاستی توانستی بەڕێوەبردنی کەسی فەرمانڕەوا بەتایبەتیش لەو کاروبارانەی رایی کردن و بەرەو پێشبردنیان ماوەی زیاتر و کەسی شیاوی گەرە و لەشەو و ڕۆژێکدا و بەهەموو کەسێکیش بەئەنجام ناگات. هەر بۆ ئەوەبوو کە وەك پێشتر وترا, هەمووان ئیش لەسەر پرسەکانی خۆیان بکەن و بەشداربن لەبەڕێوەبردنی کاروبارەکانیان و تاقیکردنەوەی بۆ بەدیهێنانی ویستەکانیان.

بەڵام چونکە ئەو ئەنجومەنە دەزگایەکی راوێژکاریی هەمیشەیی بوو و تاوتوێی هەموو دۆزێکی دەکرد کەبایەخی بۆگەل هەبایە و، ڕا و ڕاسپاردەی خۆشی لەبارەی پڕۆژە پێشنیارکراوەکان دەردەبڕی و، هەموو ڕاسپاردەکانیشی دوای پەسەندکردنیان لە لایەن کۆمەڵەی گشتی(الجمعية العامة Ecclesia) - کە دواتر دەبێتە بابەتی باس-، هێزی یاساییان وەردەگرت و دەچوونە باری جێبەجێکردن([71]).

هەروەها ئەنجومەنەکە مومارەسەی بەرزترین دەسەڵاتی کارگێڕی دەکرد و مافی چاودێریکردنی هەمووئەو فەرمانبەرانەی هەبوو کە دەبوو ڕاپۆرتی خۆیانی پێشکەش بکەن و فەرمانەکانی ڕایی بکەن و، لەڕێی دە

---

([68]) رجب عبدالحميد الاثرم، المصدر السابق، ص١٥٣.

([69]) عادل نجم عبو و عبدالمنعم رشاد محمد: المصدر السابق،ص٧٧؛ فوزي مكاوي، المصدر السابق، ص١٠٥.

([70]) حسين الشيخ،المصدر السابق، ص١٠٢؛ الفرد زيمرن،المصدر السابق، ص١٩٠.

([71]) عادل نجم عبو و عبدالمنعم رشاد محمد، المصدر السابق،ص٧٧.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

فەرمانبەری هەڵبژێردراویش، كەهەریەكەیان لە (خێڵ)ێك بوون، سەرپەرشتی دارایی دەوڵەتی دەكرد و هەرخۆشی ئەو پرۆژە یاساییانەی ئامادە دەكرد كە دەبوو بخرێنە بەردەم (ئیكیلیزیا)، و نەدەبوو هیچ پێشنیارێكیش بدرێتە كۆمەڵەی ناوبراو پێش ئەوەی ئەنجومەنی(بولی) بیبینێ، و دەسەڵاتی دادوەریشی هەبوو و دادوەرانی ئەو دادگایانەی بۆتێڕوانین لە مەسەلەی مافەكان پێكدەهێنران هەر لە ئەندامانی ئەو بوون و، بڕیارەكانی دەردەكرد و سزای دارایی بەسەر فەرمانبەرانی كەمتەرخەمدا دەسەپاند([72])،وای دەردەكەوت كە وەك ئەنجومەنێكی نیشتیمانی ناخێڵەكی و دەستەیەكی دەستوری و یاسادانان ودادوەری و جێبەجێكاری یاسا و چاودێریكاری ئاسایش وڕێكوپێكی، دەربكەوێت و لەڕێكخستنی ئەو جارەدا بەهاوكاری لایەنی جێبەجێكار، دەسترۆیشتویی كارگێڕی هەبی لەكاروباری گشتی دەوڵەت و، هەر بەتەنها ئەنجونێكی یاسادانان نەبێ وەك پێشتر، بۆ ئەوە بووبێ كە بنكەیەكی فراوانتری هەبێت و ([73]) نیشتیمانیانە ڕۆڵ بنوێنێ و بەر لە گەندەڵی بگرێت ودەرفەتی ئەوە بۆ ئەندامانی نەهێڵێتەوە تا هەلی بەهرەمەندبوونیان لە پلەو پایەی ناو ئەنجومەن و ماوەی ئەندامیتی بقۆزنەوە و دەسەڵاتیان بە خراپ و بۆ بەرژەوەندی خۆیان وكەسی نزیك و بنەماڵەیان بەكاربهێنن.

(ئیكیلیزیا)ش كە هەموو هاوڵاتیایەك مافی هەبوو تیایدا ئەندام بێت و, وەك ڕەگەزێكی سەرەكی لە پێكهێنانی دام ودەزگای حوكمڕانیی ([74]) دەوڵەتە شارەكانی یۆنانىدا ئامادەیی هەبوو و, لەبەر پێگەشی لەبەڕێوەبردنی وڵات و نوێنەرایەتی كردنی بەرژەوەندی زۆرینەی دانیشتوان، لە سەردەمی سیستەمە جۆراوجۆرەكانی ئەسیناشدا پێویستی(ضرورة)ی مانەوەی خۆی پاراست، لە بری ئەوەی وەك پێشتر كە بەهۆی ئەستەنگی بەردەم مافی هاوڵاتیبوون كەمی ڕێژەی ئەوانەی دەبوونە هاوڵاتی([75])، نەیتوانیبێ خۆی لە كۆت و بەندی خێڵایەتی ڕزگار بكات، بەهۆی ئەو چاكسازیانەی(كلیسثینیس) بەتایبەتیش كردنەوەی دەرگای بەهاوڵاتیبوون بۆ كەسان و چین و توێژگەلێك - كەوەك گوترا- پێشتر ئەو مافەیان پێڕەوا نەدەبینرا، ژمارەی ئەندامانی زیادی كردو گرنگی و بایەخی زیاتر بوو،و وایلێهات دەست بخاتە هەموو كاروباری دەوڵەت ([76]) لەوەش دەرچوو كە تەنها خەڵكی چەند چینێكی سەرچەند بنەماڵەو خێڵێكی دیاریكراو لەخۆ بگرێت، بەوەش بۆی لوا كە وەك دامەزراوەیەكی نیشتمانی خۆی بنوێنێ وڕۆڵ بگێڕێ، یان هەرهیچ نەبێ وەك گوتراوە، توانیبووی لەڕووی تیوریەوە بەشداریكردنی هەموو هاونیشتیمانیان لەمیانەی دانیشتنێكی یاسایی دا بۆ ڕایی كردنی كاروباری دەوڵەت وێنا بكات، بەتایبەتیش چونكە لە ڕووی پراكتیكیەوە نەهەمووان ئامادەی دانیشتنەكان دەبوون نەئاسانیش بوو ڕێژەی بەشداریكردنیان دیاری بكرێت([77]) .

سەبارەت بە دادگای گەل (المحاكم الشعبية Heliaia) كە پێشتر لەلایەن (سۆلۆن) دامەزرا بوو و (كلیسثینیس) لەڕووی ڕێكخستن و دەسترۆیشتوویی(صلاحيات)ەوە پەرەی پێداو لەسەردەمی بركلیس گەیشتە

---

([72]) فوزي مكاوي، المصدر السابق، ص١٠٥؛ محمد كامل عياد، المصدر السابق، ص٢٤٩.

([73]) لطفي عبدالوهاب يحيي،المصدر السابق، ص١٣٤.

([74]) عادل نجم عبو و عبدالمنعم رشاد محمد، المصدر السابق،ص٥٦.

([75]) المصدرنفسه، ص١٨٦.

([76]) المصدر نفسه, ،ص٧٨.

([77]) حسين الشيخ، المصدر السابق، ص٩٨.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لوتكە، هەندێك لەگەڵ (ئیكلیزیا) كە بەلایـەنی سیاسـیەوە خـەریك بـوو و ئـەویش بەلایـەنی دادوەری، بـە (یـەك شت) هەژماریان دەكەن و دەشێ ئەندامەكانیشی لە هـەمان ئەوئەندامانـەی كۆمەڵەی گشـتی بـن كەتەمـەنیان لـە سی(٣٠)ساڵ تێپەڕی كردبێ و، ژمارەیان (٦٠٠٠) هاوڵاتی ودابەشببوو بۆ چەند دەستەیەك و هەر دەستەیە لـە دە(١٠)دادگـای گـەورە پێكـدەهات و([78]) هـەموو دەسـتەیەكیش پیتێكـی تایبـەتی بۆكرابـوو بـە هێمـا و، هـەموو سـوێندخۆرێكیش تابلۆیـەكی پێـدەدرا كـە ناونیشـانی فـەرمی و هێمـای ئـەو دەسـتەیەی لەسـەر بـوو كـە بـۆی دەگەڕایـــەوە و، ، ژمـــارەی ئەنـــدامانی هەردادگایـــەكیش لـــەكاتی ئاســـایی دا لـــەنێوان (٢٠١ و٤٠١) سـوێندخۆر(المحلفـین)بـوون وئـەوانی تـریش بۆكـاتی یـەدەگ جێـدەهێڵران و، لـە دادگـا سیاسـیە گـەورەكانیش دەگیشتنە (١٠٠١یان ٢٠٠١ یان٢٥٠١)و، لەهەڵبژاردن یان دیاریكردنی ئەوكەسانەی ئامادەبوونیان لـە چـەند دادگایـەك لـەماوەی یـەك ڕۆژدا پێویست بـوو و، بـە یاسایی و دادوەرانـە بەڕێوەچوونی دادگاكـان و ڕێگـرتن یـان نەهێشـتنی بـەرتیل وترسـاندن، پـەیڕەوی شـێوازێكی لەڕادەبـەدەر ئـاڵۆزدەكرا، و پـەنابردنیش بـۆ ژمـارەی تـاك لەدستنیشانكردنی ئەندامان بۆ وەكیەك نەبوونی دەنگەكان و([79])، زۆری ژمارەی ئەنـدامان بەوشـێوەیەی ئاماژەی پێكرا و دواخستنی ڕاگەیاندنی دادگا تاڕۆژێـك پـێش بـەرواری دادگـایی كردنـەكان، لەوهەوڵانـە بـوون كەلـەپێناو ئەو مەبەستەی سەرەوە دا ئەنجام دەدران([80]).

دەشێ هەڵبژاردنیشیان لەڕێی تیر وپشك لەنێو تێكڕای چـین و توێـژەكانی كۆمەڵگـە و ڕوانینیـان لـە هـەموو دۆزێك جگە لەڕوداوی كوشـتن([81])، كـە دەخرایـە بـەردەم دەسـتەی تـری بچـوكی وەك ئەنجومـەنی پێـران(مجلس الشيوخ Areopagus) ودادگای پەنجاو یەك كەسی و دەستەی چل كەسـی و هـیتر، كـە مێژوویـەكی كەپێشـتریان هەبوو([82]) – و باسكردنیان لێرە بەپێویست نازانرێت-، وای كردبێ كە یەك لە نوسەرەكان (هیلیا) وەك بەردێكی تـری گۆشـەی دیموكراتیـەتی ئەسـینی سـەیر بكـات و، بەتایبـەتیش كـە هەمووهاونیشـتیمانیەكی ئەسـینی دوای تەمـەنی سـی سـاڵی، مـافی ئەنـدامبوونی تێـدا هـەبوو و لـە كاندیـد بوونیشیدا جیـاوازی چینایەتی وبـڕی داهـات بەمـەرج نـەدەگیرا ([83]) تـەنها ئـەوە نـەبێ كـە دەبـوو ئـەوەی بـە پلـەی دادوەری وەردەگـرت خـاوەنی دانـایی و ڕابردوویەكی باش بوایە ([84])و لەوانەشبوو هەژارترین هاوڵاتی بەتیروپشك هەلی بوون بەدادوەری بۆ بڕەخسێ و، هەر بەرپرسێكیش دوای تەواوبوونی ماوەی ئەركەكەی لەودادگایەدا لەبەرچاوی گەل دوچاری لێپرسـینەوە بووبـا و، هەرئەوەشە وا دەكات كە- وەك وتـرا- بـڕوا وا بێـت كۆمەڵەی گشـتی لەگەڵ دادگـای گـەل لەواقعـدا یـەك شـتن وتەنها بەگۆڕەی ئـەركیان بـە نـاوی جیـاواز نـاودەبرێن، بەتایبـەت كـە (ئیكیلیزیـا) بـۆ پەسـەندكردنی یاسـاكان وهەڵبـــژاردنی دەســـەڵاتداران(الحكـــام)كۆدەبوونـــەوە و (هیلیـــا)ش بـــۆ سەرپەرشـــتیكردن(الإشـــراف)و

---

([78]) عادل نجم عبو و عبدالمنعم رشاد محمد، المصدر السابق،ص٧٩.

([79]) ا.بتري، المصدر السابق،ص٦٧.

([80]) عادل نجم عبو و عبدالمنعم رشاد محمد، المصدر السابق،ص١٩٠.

([81]) محمد كامل عياد،المصدر السابق، ص٢٣٤.

([82]) ا.بتري، المصدر السابق،ص٦٧.

([83]) حسين الشيخ، المصدر السابق، ص١٠٣.

([84]) غانم محمد صالح: الفكر السياسي القديم و الوسيط، مطبعة التعليم العالي، (بغداد:د.ت)، ص٢٢.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لێپێچینەوە(محاسبة) بوو لە دەزگای بەڕێوەبردن(الجهاز الحكومي)، و لەبەر ئەوەش کە دادوەرەکان و دامازراندنیان و دادگایی کردنی دەسەڵاتداران (الحكام)ش لەدەستی گەل خۆی دابوو ([85])و، لەکاتی وەرگرتنی ئەرك و هەڵسان بەکارەکانیان سوێندی دڵسۆزیان بۆ وڵات و هاوسۆزی نەنواندن بۆدێکتاتۆریەت و سیستەمی ئۆلیگارکی (حوکمڕانی کەمینە)و خۆپاراستن لە گشت شێوازەکانی بریندارکردنی سەروەریەتی گەل دەخوارد و، بەکردەوەش دادگای گەل بوون ([86])و ، بەناوی گەلیشەوە کار و دادوەرییان دەکرد و تەنها دەستەیەکی دادوەری پەتی نەبوون، وماملەیان لەبەرامبەر ئەو مژارانەی دەخرانە بەردەمیان وەك مامەڵەی تێکرای گەل لێکدەدرایەوە و، بڕیارەکانیشیان یەکلایی کەرەوە بوون قابیلی تانەلێدان و پێداچوونەوە(الطعن و الإستئناف) لەلایەن دادگایەکی ترەوە نەبوو، چونکە هەردووکیان لە ئەرکانیاندا نوێنەرایەتی گەلیان دەکرد وەك جڤاتی خەڵك(الجمعية الشعبية) ئیعتیبار دەکران و، هەریەکەیان لەچوارچێوەی کارەکەیدا بریتی بوولە(گەل), چونکە ڕۆڵی هە موو گەلی یاری دەکرد، ئەمەش وایکردبوو کە نیشتیمانیانە ڕۆڵ بگێڕێت و ببێتە ئامرازێك بۆ پتەو(توثيق)کردنی چاودێری و سەرپەرشتی گەل لەسەر فەرمانبەران و خودی یاسا ([87])و، هەمووانیش لە بەرەنجامەکانی سودمەند بن نەك دەستە یان گروپ و تیرەو تایفەیەکی دیاری کراو، ئەمەش ئەو ڕەهەندە نیشتیمانیانەن کە لە کەلەهەر دەسەڵاتێکی دیموکراسی چاوەڕوان دەکرێن.

گۆڕینی سیستەمی سەربازی لەژێر کاریگەری چاکسازی سیستەمی خێڵایەتی و، ڕەخسانی بواری یەکسان بۆ هاوڵاتیانی سەر بەهەر دە هۆزەکە ، تا بەپێچەوانەی سەردەمانی پێشتر و بێ لەبەر چاوگرتنی جیاوازی چینایەتی و بڕی داهات([88])، مافی بەسەرباز خزمەت کردن لەڕیزەکانی سوپای پیادە و سوارە هەبێت و، لەژێر سەرکردایەتی فەرماندەیەکی دیاریکراو بەهەڵبژاردن لەهۆزەکەی خۆیان کەساڵانە دەگۆڕا، خزمەتی سەبازی ئەنجام بدەن([89])کە وایکرد سوپا بۆدە یەکەی وەك یەك لەڕووی هێزەوە دابەش ببێ، و (دە) فەرمانـدە سەرپەرشتیارە هەڵبژێردراوەکانیشیان کە لەژێرفرمان و سەرکردایەتی پۆلیمارك (polemarchos حاکمی سەربازی) دابوون، دەستڕۆیشتوویی سەرکردەکەیان تا ئاستێك سنوردار بکەن، کەگەلێك جار دەنگی هەر یەکێکیان هەمان هێزی دەنگی ئەو(واتا پۆلیمارك)ی هەبێ([90])، و بوون و ئامادییان وەك ئەنجومەنێکی سەبازی پاشان پەرەسەندنی ئەو ئەنجومەنە کە وایکرد ئەندامەکانی وەك وەزیر و سەرکردەکەشیان وەك سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەر بکەون و([91])، لە بری چڕ بوونەوەی کاریشیان تەنها لەسەرکردایەتی کردنی سوپادا، چالاکی جەنگیان بەڕێوە ببەن و، ودەستیان هەبێ لەکارو باری دارایی و دەوڵەت بەتایبەتیش کاروباری

---

([85]) رجب عبدالحميد الاثرم، المصدر السابق، ص١٣٥.

([86]) عادل نجم عبو و عبدالمنعم رشاد محمد، المصدر السابق،ص١٩٠.

([87]) غانم محمد صالح،المصدر السابق، ص ص٢٢-٢٣.

([88]) آ.بتري: المصدر السابق، ص٢٢.

([89]) محمود فهمي، المصدر السابق،ص٥٢.

([90]) عادل نجم عبو و عبدالمنعم رشاد محمد، المصدر السابق،ص٧٩.

([91]) سيد احمد علي الناصري، المصدر السابق،ص٢٢٤.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

دەرەوە([٩٢]). مانـای بەنیشـتیمانی کردنـی سـوپا وهەماهـەنگی لەگـەڵ دەسـەڵاتی سیاسـی و مـەدەنی دەگەیـەنێ، کەهەمیشە و ئێستاشی لەگەڵدا بێ پایەیـەکی گرنگـە بـۆ مانـەوەی دەوڵـەت بـە بـەهێزی و، ئەگـەر نیشـتیمانیی بوونیش پاڵنەر و زامنی مانەوە وسنوری پەیوەستبوون بە بەرپرسیاریەتی ئەندامەکانی بێت، دەبێتـە ئـامرازێکی گرنگ بۆ ڕێگرتن لە کۆبوونەوەی هێز لەدەست هۆز یان چینێکی تایبـەت و بـوار نـەدان بـە تـاکڕەوی لـەبڕیاردان ودورخسـتنەوەی ترسـی کودەتـا و ڕێگـرتن لـە بەهـەدەردانی سـامان و، بـوار نـەدان بـە خـراپ مامەڵـە کردنـی کاربەدەستانی دەوڵەت و پەڕەو کردنی سیاسەتی هەڵە، کەچاوەڕان دەکرێت هەمیشە ببێتە مایەی نەهامـەتی بـۆ کۆمەڵگا.

بەڵام جێنەهێشتنی ئەوپۆست و پلە سەربازیە گرنگانە بێ جیاوازی لە نێوان ئەوانەی سـەرکردایەتی هێـز دەریـایی یـان وشـکانی دەکـەن بەتایبـەتیش دەفەرماندەکـە، بـۆ ڕوبەڕوبونـەوەی مەترسـی دەنگـدانی نهـێنی و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئاشکرای ساڵانە بۆیان و، نەبوونی ڕێگر لەبـەردەم سـەرلەنوێ خۆکاندیـد کردنـەوەیان و، بـە ئاسـایی وەرنـەگرتنی حاڵـەتی ئەوبەرپرسـە سـەربازیانە لەشـەڕێك وەك فەرمانـدە ولەشـەڕێکی دواتـر وەك سـەرباز، وەك ئـەوەی لـە کایـە و بـواری تـر گونجـاوە و، ڕاشـکاوی تەواولەهەڵبـژاردن و هـەڵاوێردن(اسـتثناء) لەدەستنیشـانکردنیان لەسـەر بنچـینەی بەهەرەمەنـدییان لـە نفـوزی زۆرو([٩٣]) لێهـاتوویی(کفـاءة)کەسـی و لێزانی(خبرە) تایبەتی هاوشێوەی بەرپرسی دارایی، وەك دوو پۆستی جیاواز لە گشت پۆستەکانی تـر، کـە ئازادانـە و ڕاستەوخۆ لە(دێم)ە کان دەخرانە گەڕ و([٩٤])، دەرکەوتنی (پۆلیمارك)ی سەردەسـتەیان وەك بـەهێزترین پیـاوی دەوڵەت و، کرانەوەی دەرفەتی پێگەیشتن بەو پۆستە بـۆ هـەموو تاکێـك، کـە مەشـق وڕاهێنـان پێـی گەیانـدبێ و کردبیەتە سەرکردە و، بەزمانپاراویش توانای ڕازی کردنی دەنگـدەرانی هـەبێ لەکۆمەڵـەی گشـی یـان ئەنجومـەنی گەڵدا([٩٥]). بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوەی (کلیسـثینیس) تێگەیشـتبێ کـە سـەڕای بایـەخی بەشـداریکردنی خـەڵك لـە دەستنیشانکردنی پێداویستیەکانیان و، ڕیز بەند کردنیان وەك پڕۆژە بۆچارەسەرکردن بەپێی پێویستی و گرنگی و، وردبینی کردنیـان لەلایـەن ئەنجومـەنی پێنجسەدکەسـی و دەنـگ لەسـەرد نیـان بـۆ جێبـەجێ کـردن لـە لایـەن کۆمەڵـەی گشـتی - وەك پێشـتر وتـرا، بـەڵام مـەرج نـی یـە - وەك ئـەوەی لەئێسـتای ڕۆژهـەڵات و لەنێوشـی دا کوردستان بەدروست دێتە بەرچاو-، هەموو کەسێك توانیبێتی هەمەکارە بێت و وا سەیر کرابێت کـە لـە پێـدانی هەموو ئەرکێکدا ڕۆڵی شیاو یـاری دەکات، بـەڵکو هەنـدێك بـوارو چالاکی تـری گـرنگ هـەن کـە پێویسـتیان بـە لێزانی و کارامەیی و لەخۆبوردویی و..هتد هەیە و، نەکراوە بەهەڵبـژاردنی نهێنی دیاری بکرێن و هـەمووانیش مـافی خـۆ بـۆ کاندیـدکردنیان هـەبێت، ئەمـەش مانـای دانـانی کەسـی شـیاوە لەشـوێنی شـیاو، کـەدەکرێ وەك ڕەهەندێکی گرنگ بۆ بەنیشتیمانی کردنی دامو دەزگاکان لەبەر چاو بگیرێت.

---

([٩٢]) رجب عبدالحمید الاثرم، المصدر السابق، ص١٥٥.

([٩٣]) ە. د. کیتو،المصدر السابق،ص ص١٦٤_١٦٥.

([٩٤]) ممدوح درویش مصطفي و ابراهیم السایح: المصدر السابق، ص٥١.

([٩٥]) رجب عبدالحمید الاثرم، المصدر السابق، ص١٥٥.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**سێیەم: پێویستی ئاگادار بوون لەئەرك و مافی بەشداریکردن لە دەسەڵات و یاسای دورخستنەوەی :**

هەوڵدان بۆ نەهێشتن یان کەم کردنەوەی دەمارگیری خێڵایەتی و بەنیشتیمانیکردنی دام و دەزگاکان و، کارکردن بۆ گۆشکردنی هاوڵاتیان بەهەستی نیشتیمانی لە جێی هەستی نزیکایەتی خوێن و خزمایەتی و، نەهێشتنی قۆرخکاری وەرگرتنی دەسەڵات لەلایەن دەستە و چین و بنەماڵەو خێڵێکی تایبەت، لە پێناو بەشداری پێکردنی زۆرترین ڕێژەی هاوڵاتیان لەدەسەڵات - وەك پێشتر باسکرا-، پێویستیی ئاگاداربوونی هاوڵاتیانی لە هەمبەر ئەرك و ماف و، باج وسزای لارێی کردن وخراپ بەکارهێنانی پۆست و نا یاسایی جوڵانەوە، هێنایە گۆڕێ تا ئەگەر دەرفەتی بە ئەندامبوون لە لەیەك لەدامودەزگاکانیان بۆ ڕەخسا، بەوشێوەیە ڕۆڵ ببینن کە بەرژەوەندی نیشتیمانی دەیخواست و، دەشێ بەشداری کردنی هاوڵاتیان لەکۆبوونەوەکانی ئەو کۆمەڵە گشتیەی تیایدا ئەندام بوون و، ئامادە بوون لە دانیشتنەکانی دادگاکانی گەل، تەنانەت پەنابردنی دواتری دەوڵەت بۆ دیاریکردنی کرێی ڕۆژانەی بەشداربوان و، وێناکردنی ئەو ئەرکە وەك هۆکارێك بۆ پەیداکردنی بژێوی و جوڵاندنی ئارەزووی ئامادە بوون، کە هەیە وەك بەڵگە بۆسوربوون وپێداگیری تەواوی ئەسینایییەکان لەسەر شێوە دێموکراسیەتێکی نمونەیی و زیادە ڕۆیی تێداکردنی وبەرگرتن لە ئامادە نەبوون(غیاب) باسی لێدەکات ([٩٦])، وەك ڕێکاری گونجاو بۆ چارەسەر کردنی ئەو مژارە ڕۆڵی مەزنی یاری کردبێ، ئەو دوو دامەزراوەیەش کەڕاستەوخۆ مومارەسەی دەسەڵاتی گەلیان دەکرد بەپێی تایبەتمەندی خۆیان و، وەك تەواوکەری یەکتر و لە بندەستی ئەوان بڕیار لەسەر بە پڕۆژە بوونی خەون و ویستەکانی خەڵك و، بەرەنجامی کارە ئەنجامدراوەکان و،ئاستی توانستی فەرمانبەرو کاربەدەستەکان لەڕایی کردنی ئەرکی سەر شان و باجی نەکارایيان دەدرێت، لەوەشەوە خەڵکی دەتوانن ئەزموون وەربگرن.

چونکە هەرچی کۆمەڵەی (ئیکیلیزیا)بوو کە بەسروشت کۆنگرەیەکی گشتی بوو و ساڵانە و لەباری ئاسایی داو بەشێوەیەکی ڕێکوپێك بەلانی کەمەوە دە(١٠)جار و، لەباری ناسایی و لەسەر داوای ئەنجومەنی پێنج سەدکەسی(بولی)یش هەرکات پێویست بایە کۆبوونەوەی گرێ دەداو، تێکڕای ئەندامەکانیشی کە وەك وترا کۆی هاوڵاتیانی ئەسینای لەخۆ دەگرت، مافی بەشداریتێدا کردنیان هەبوو پسپۆڕێشی لەدانانی یاساکان و دادەمەزراندنی دادوەرەکان و لێپێچینەوەکردن لەهەمبەر هەڵس و کەوتەکانیان وچاودێری کردنی فەرمانبەران و بڕیاردان لەسەر شەڕ و ئاشتی و گرێدانی هاوپەیمانێتی و، چاودێری خەرجکردنی بوجە و سەپاندنی باج وبابەتی تری گشتگیر ی لەو چەشنە وبەگشتی دامەزراوەیەك بوو کەلەڕووی دەستوورییەوە زۆربەی دەسەڵاتە باڵاکانی دەوڵەتی بەدەستەوە بوو ([٩٧])و بەتایبەتیش لەسەردەمی (کلیسثینیس) چونکە خۆی لەهەموو کاریَ هەڵدەقورتاند و سەرەڕای ئەو کارانەی بەسکران هەرئەویش گوێی لە باڵوێزەکان دەگرت و حیساباتی ئەو فەرمانبەرانەی وەردەگرت کە لە کۆتایی ساڵ ودوای تەواو بوونی ماوەی بەرپرسیاریەتییان پێشکەشیان دەکرد و، تەواوی دەسەڵاتیش بۆ بڕیاردان لەسەر دۆسیەی کۆی ئەو بابەتە جۆراوجۆرانەی باسکران و دەچوونە ناو چوارچێوەی پسپۆڕیەکەیەوە، دوای گفتوگۆ و دەنگ لەسەردان لەو دانیشتنانەدا مومارەسە دەکران([٩٨]).

([٩٦]) ممدوح درويش مصطفي و ابراهيم السايح، المصدر السابق، ص٥٢.

([٩٧]) غانم محمد صالح، المصدر السابق،ص٢٠

([٩٨]) عادل نجم عبو و عبدالمنعم رشاد محم، المصدر السابق،ص٧٨.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئەوەش کەدەرفەتی ئەزموون وەرگرتنی ئاسانی بۆهاوڵاتیان ڕەخساند بـوو, ئـەوە بـوو کـە دەکـرا هەرکـەس لەو ڕۆژ و کاتە دا ئامادە بێت و بەشداری گفتوگۆ بکات، کەبۆ ئەو بوارە تەرخان دەکرا کە خۆی مـەیلی خـۆ بـۆ پاڵـاوتنی هـەبوو، چـونکە خشـتەی دانیشـتنەکان وا ڕێـك خرابـوون کـە لـە کۆبونـەوەی یەکـەمی هـەر چـوار کۆبوونەوەیکدا گفتوگۆکان لە دەوری بەبەتی مانەوە یان دورخستنەوەی بەرپرسـەکان پۆسـتەکانیان و, هاوردەی گەنم و ئاسایشی وڵات و ئاریشـەی ملکایـەتی و زەوتکـردن(المصـادرە) و میراتـی و، ئەوانـە بەڵێنـەکانیان بەرامبـەر بەگـەل بەدینـەهێنابوو دەسوڕایەوەو، بـەڵام لـە کۆبوونـەوەی دوەم مـافی هـەر ئەنـدامێك بـوو لـە هـەر بابـەتێك کەگرنگی تایبەتی یان گشتی هەبێ قسە بۆگەل بکات و،دوو دانیشتنەکەی کۆتاییش بۆ سیاسەتی دەرەوە تـەرخان کرابوون و، لەبەر ئـەوەش کـە دەسترۆیشـتن(صـلاحیات)ەکـانی کۆمەڵـە ڕەهـا(مطلـق) نـەبوون و بەهەنـدێ کـۆتی وەك(ڕێکاری نایاسایی)ەوە سنور دار کرابوون، هاوڵاتیان مافیان هەبوو کە پەڵپ لـە بڕیارەکـانی کۆمەڵـە لـەماوەی ساڵێك دوای دەرچوونی بگرن کاتێك مەزەندەی زیان گەیاندنیان بە بەرژەوەندی وڵات لێدەکرا و، بەهۆی ئـەوەش کە لەکاتی دژیەکبوونی دوو بڕیاردا شیاوترەکەیان بۆ لەسەر ڕۆیشتن مافی لە پێشتری هەبوو، ئەگەرچی دژی ڕای کۆمەڵـەش بایـە(٩٩), تاکـەکان دەیـانتوانی بەئەنـدازەی بێرتیـژی و لێهـاتوویی سـود وەرگرتنیـان لـە ئـەنجامی هەڵسەنگاندنی کارنامەی ئەوانەی ماوەی ئەرکەکانیان تەواو دەبوو و،بە بەهرەمەندیشیان لەو بـوارەی خوازیـاری خۆ بۆ پاڵاوتنی بوون، ڕۆڵی گـرنگ و پێشـەنگ بگێـڕن و، لـە پێشخسـتنی وڵـات و ئەوئامانجـە نیشـتیمانیەش کـە بڕوایان پێی هەبوو و بەئومێدی بەدیهاتنی بوون، خۆیان نەخشەڕێژی بن و نەبنە جێبەجێکاری ویسـتی ئـەوانی تر، ئەوەش زەمینەیەکە لەهەرشوێنێك و بۆ هەر کۆمەڵێکی نیشـتیمان پـەروەر بێتـە پێشـێ جۆرێـك لەکێبـەڕکێ لەپێناو داهێنان ڕۆڵبینینی باشتر لەنێو تاکەکان دێنێتە گۆڕێ، کەکۆتاییەکەی بە قازانجی بەرژەوندی نیشـتیمانی تـەواو دەبـێ.چـونکە وەك دەشـوترا ئەسـیناییەکان بـۆ بیرکردنـەوە دەهاتنـە ئەنجومەنـەکانی گـەل نـەك بـۆ بـێ ئومێدی و غەمگینی(١٠٠).

هەرچی (هیلیا)شە کە بریتی بوو لە دەستەو دامەزراوە(الهیئات)گەلێك کەلەسـەر بنـەمای ڕاسـپاردنی گـەل بـۆ ڕایی کردنی ڕۆڵی دادوەر دامەزرابوون و(دێم) دەسەڵاتی سروشتی کۆکردنەوەیان بوو و، دەبـوو هـەموو (دێـم)ێـك شەشهەزار(٦٠٠٠) کەس واتا بۆ هەرهۆزێك شەشسەد(٦٠٠) کەس بـەگوێرەی ئامـادەیی وپەرۆشـییان پێشکەش بە دەسەڵاتی ناوەندی بکات و، ئەویش بۆبوارە جۆراوجۆرەکانی دادوەری بۆماوەی سـاڵێك دیـاری دەکـردن، ودوای هەڵبژاردن و ڕۆیشتنیان بۆدادگا ڕۆژانە و لەسەر بنەمای متمانەیان بـەوەی دەتـوانن لـەماوەی دیاریکرودا ئـەرکی خۆیان ڕایی بکەن، لەچوارچیوەی گرویی سەد(١٠٠)کەسی بۆتێڕوانین لە دۆزگەل(قضایا)ی ناوچە جیاجیاکـانی سەرانسـەری ئیمڕاتۆریـەت ڕادەسـپێردران(١٠١). ئـەوەش دەرفـەتێکی بـاش بـوو بـۆ کەسـانێك کـە ویسـتی بـوون بـەدادوەری و ئامـادەیی و پەرۆشـیان بـۆی هـەبوو و، لـەڕێی ئەوانەشـەوە کـە ئـەو دەرفەتـەیان بۆڕەخسـا بـوو ودەیانتوانی لەکاتی خۆیدا و وەکو پێویست ئەرکی خۆیان ڕایی بکەن یان لەوانەی سـەرکەوتوو نـەدەبوون تیایـدا، ئەزموون وەر بگرن وبەخۆئامادەکردنی پێویست متمانە بەخۆبوون پەیدا یان بەهێز تر بکەن.

---

(٩٩) حسین الشیخ، المصدر السابق، ص ص١٠٠-١٠١.

(١٠٠) الفرد زیمرن، المصدر السابق، ص١٩٤.

(١٠١) المصدر نفسه، ص١٨٦.

بــەهۆی ئــەوەی مــافی دەستخســتنە نــاو کاروبــاری فەرمانبــەرانی کــارگێڕی و، بڕیــاردان لەســەر دەستڕۆیشــتوویی(صــلاحیات)یــان لەســەرەتای دامەزرانــدنیان و، چــاودێریکردنی هــەڵس وکــەوتیان و دەســەڵاتی یاسادانانی هەبوو و، دەیتوانی کارکردن بەیاسایەك بوەستێنێ یـان بیگۆڕێ و، جۆراوجـۆری دەستڕۆیشتنیشـی کـە مانـای فروانـی و جۆراوجـۆری پسـپۆڕی دەسـتە ودامـەزراوەکانی (الهیئـات) دەگەیانـد و بـەوەش تایبەتمەنـدییان لەچربوونەوەی تـەنها لـە جیاکردنـەوەی دۆزی (مـەدەنی و تاوانکـاری )نەمایـەوە و، بـۆپراکتیزەکردنی پسـپۆریی نزیك لە کـاری جێبـەجێکردن ویاسـادانان ودادوەری تێپـەڕی کـرد، و دەسـتەو دەزگاکانیشـی سـەرەڕای ئـەوەی بـە ڕواڵەتی درێژەدانی چاودێری خەڵك بەسەر یاسا و دادوەری دادەنران و، گەیشتبوونە پێگەیەك کە نوسەرێك پێـی وابێ ئەستەمە بتوانرێت بـە ئـی هـیچ وڵـاتێکی پێشکەوتوی ئـەو سـەردمە بـەراورد بکـرێن([١٠٢])، و گرنگـی ڕۆڵـی سـوێندخۆران(المحلفـین) و هەڵسانیشـیان بـە دادگـایی کردنـی نـەیارانی سیاسـی، کـە پێویسـتی دورخسـتنەوەیانی لەکاریگەری دەوڵەمەندان هێنابووە ئارا([١٠٣]) ، هەل ومەرجێکیان ڕەخساندبوو کـە خـەڵکی دەیـانتوانی بەهۆیـەوە لەبوون بەدادوەرییاندا بێ ترس و بەوشێوەیەی بەرژەوەنی وڵات دەیخواست، ئاشنای سنووری ئەرك ومـافی خۆیـان و مافی هاوڵاتیانیش لەهەمبەر قبوڵکردن وڕەتکردنەوەی یاساکان و زۆر ڕێ وشـوێنی تـریش بـن کەلـەکاتی دەست بەکاربوونیاندا سودی هە بێ و، وەك هاوڵاتیش لەڕێی ئاگاداربوون لەوحالەتانەوە سنوری ویست وئەرك مافەکانی خۆیان بزانن.

لەبەرئەوەی کە مومارەسەکردنی واقعی ژیانی سیاسی لە دەوڵەتە شاری ئەسـینا دەرفـەتی بـۆ دەستخسـتنە نـاوەوەی پیشـەیی دام و دەزگـا و دامـەزراوەکان لـەکار وبـاری یـەکتری ڕەخسـاندبوو و، بەهۆیـەوە هیچکام لـە ( کۆمەڵـەی گشـتی وئەنجومـەنی پێنجسـەد کەسـی و دادگاکـان) خۆیـان بـۆ یـەك لـە پێشـەکانی(یاسـادانان، جێبـەجێکردن، دادوەری) بەتـەنها تـەرخان نـەکردبوو، بـەڵکو تێکـڕای پیشـە(وظیفـة)کـان بەشـێوازی جۆراوجـۆر چوبوونە پاڵ یەك ، کە بێگومان ڕەنگە لە لایەکەوە بووبێتە ڕێگە خۆشکەر بـۆ سـەرهەڵدانی پەشێوی(فوضـي)ی بەڕێوەبردن و زۆر بەرەنجامی نەرێنی چاوەڕوانکراوی تـر، بـەڵام کاتێـك ڕۆشـنبیری گشـتی و چاکەکاری لـەژیانی هاونیشـتیمانیان دەبنـە مـەرج بۆتوانسـتی بەشـداریکردن لـەژیانی گشـتی وڵاتەکـەیان، بـێ پسـپۆڕێتی لـە ڕاهێنـان وفێربوونی پیشەیەکی دیاری کراو، چوونەناویەکی پیشە(وظیفـة)کـانیش شـتێکی نـامۆ نابێـت و، ئـەوەی دەبێتـە جێی بایەخیش فەراهمبوونی ڕەگـەزی بەشـداریکردنە لـە گشـت چالاکیەکانی وڵـات و، هـەر لەسـەر بنـەمای ئـەو بەشداریکردنەش هاونیشتیمانی بوونی ڕاستەقینەی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە هەڵدەسەنگێنرێت([١٠٤]).

دەشـێ ئـەرك و کـاری ئاسـایی سـوێند خـۆر(المحلفین)و دادوەرەکـان کـەخۆی دەبینیـەوە لـە جیاکردنـەوەی تۆمـەتی گەنـدەڵی یـان هەڵـە هەڵسـوکەوتکردن، کەئاڕاسـتەی کاربەدەسـتان دەکـرا دوای کۆتـایی هـاتنی مـاوەی ئەرکاکانیان و، مافی هەڵسانیان بەدادگاییکردنی هەرهاوڵاتی یەکی تۆماتبـار بەخیانـەت و سەرلێشـێواندنی خـەڵك بـەو وتارانـەی لەکۆمەڵـەی گشـتی پێشکەشـی دەکـرد، یـان تۆمـەتبار بـە بـەتاڵ کردنـەوەی پێشـنیاری دەنـگ

---

([١٠٢]) غانم محمد صالح، المصدر السابق،ص ص٢٣.

([١٠٣]) عادل نجم عبو و عبدالمنعم رشاد محمد، المصدر السابق،ص ١٩١.

([١٠٤]) غانم محمد صالح، المصدر السابق،ص ص١٢٣_١٢٤.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لەسەردراوی نەیار لەگەڵ یاسای باو لەکۆمەڵەی ناوبراو و خاوەن سزا دراو([١٠٥]) و بە وداوایانەش کە تایبەت بوون بە تاك و لەڕێی کەسی زیان لێکەوتووەوە دەخرایە بەردەم دادگا، ولە بەرامبەر راوایی داواکەی شتە کێشە لەسەرەکەی پێدەدرا یان قەرەبوو دەکرایەوە و لەئەگەری دۆرانیشی غەرامەدەکرا، یان دۆزی گشتی بوون و هاوڵاتیان بەناوی دەوڵەتەوە پێشکەشیان دەکردن و داواکار لەسەرکەوتنی، سودمەندی مادی نەدەبوو و لەحالەتی سەرنەکەوتنیش سزا دەدرا و، بەو ڕێ وشوێنەش کە بۆ بەڕێوەچوونی دادگاییەکە وخەملاندنی زیان و قەرەبوو و غەرامەی سەرنەکەوتن، بە ئاشکرا و لەمیانەی دادگاییەکە و لەبەرچاوی خەڵك دەگیرایە بەر([١٠٦]) وئەو سزاجۆراوجۆرانەش کە بریاریان لێدەدرا، کە ڕەنگە دیارترینیان یاسای دوورخستنەوەی سیاسی بێ کەدواتر دەبێتە بابەتی باسکردن، وای کردبێ کە ئامادەبووان سنوری ماف و ئازادی وئەرك و خۆتێهەلقورتاندن و پاداشت و باجی هەڵسوکەوت چۆنیەتی ڕاپەڕاندنی ئەرك بەرپرسیاریەتیان بزانن و، لەهەمبەر مامەڵکردنی پێشهاتەکان هەڵس وکەوتی ڕۆژانەیان ڕەچاوی یاسا بکەن.

چونکە لۆژیکی نیە لە وڵاتێکدا کەهەمووان ماڤ بەشداریکردن لەبەڕێوەبردنیان هەبێت و،هەرخۆشیان لەچوار چێوەی یاسا وئەنجومەنەکانی گەل و دادگای خەڵك لێپێچینەوەو بەدواداچوون بۆ چۆنیەتی مومارەسەی ماف و ئەرکەکانیان بەبێ جیاوازی بکەن و، لە بەرامبەریشیاندا هەڵوێستی شیاو بەوچۆنیەتیە بەپێی پێوەری باوی سەردەم وەربگیرێ، بەئەندازەی پێداویستی سەردەمەکە و بەقەدەر ئەوەی لەسنووری دەسڕۆیشتنیان دایە هەوڵی بەئاگابوون لەڕەوشی بەڕێوەبردن و پێشهاتی چاوەڕوان کراو و ڕێوشوێنی ڕووبەڕووبوونەوەیان نەدەن و، بەو ئیرادەیەی هەیانەو بەوتوانستەی بۆیان فەراهەم بووە، نیشتیمانیانە ڕۆڵ نەگێرن و بەرژەوەندی گشتی و نیشتیمانی نەبێتە چوارچێوەی تێدا کۆبوونەوەو بەخەرجدانی توانست و بەدیهێنانی ویستەکانیان. تا ئەو ویستەش بەردەوامی هەبێت ئومێدی ڕوولە لەپێشکەوتن و گەشەی وڵاتیش ئامادەیی دەبێ .

بەهۆی ئەوەش کەلە هەموو هەل و مەرجێکدا وارێ دەکەوێ کەسانێك هەبن کە بەرژەوەندیان لە ڕەوشی بەدیهاتوو ودنیابینی کارەکتەرەکانیدا نەبیننەوە و، سڵ لە لێکەوتەکانی بکەنەوەو لەگەڵی ناکۆك بن و، خوازیاری دەستکەوتنی هەلی کۆتایی پێهێنانی و کۆنترۆڵکردنی ڕەوشەکە و ڕێبەرایەتیکردنی پرۆسەی گۆڕانکاری بەئاڕاستەی بەدیهێنانی ویستەکانی خۆیان بن و، لەبەرئەوەش کە وەك وترا هەموان بەگوێرەی شیاوی تەمەن ماڤ وەکیەکی وەرگرتنی پلەو پۆست بەشداریکردنی کایە جۆراوجۆرەکانی حوکمڕانیان هەبوو، دەگونجا سود وەرگرتن لە پێگەوپلەی بەرپرسیارێتی بەوئامانجەیان بگەیەنێت وبگەنە دەسەڵات و، لەئەگەری هەست بەنەیاری کردنی دوای سەرکەوتنیشیان بیر لەبەکارهێنانی هێز وشێوازی توندوتیژی بکەنەوە و، بۆ بەردەوامی مانەوەشیان پێشێلی نەریتی باو و دەستوری پەڕەو کراوی وڵات بکەن، بۆیە ئەرکی (کلیسثینیس) بوو, کەبیر لەبەرگرتن لەوەها پێشهاتێك بکاتەوە و لەهەمبەر هەستکردن بە هەولگەلی لەوچەشنە و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات وبۆسزادانی ئەوانەش کە لەبەر نەشیاو جوڵانەوەیان دەبنە جێی سەرنج، لەپاڵ ئەو سزایانەی تر کە بۆ دۆزە جۆراوجۆرەکان لەدادگا و ئەنجومەنەکان بڕیاریان لێدەدرا و پێشتر ئاماژە بە بەڕێوە چوونیان کرا، بیر لە ڕێگاچارەیەکی تری گونجاو لەگەڵ ئەو بابەتەش بکاتەوە.

---

( [١٠٥]) حسين الشيخ، المصدر السابق،ص ص١٠٣ـ١٠٤.

( [١٠٦]) ينظر ا.بتري،المصدر السابق، ص ص٦٧ـ٦٨.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بۆ ئەو مەبەستەی سەرەوە وبۆ نەهێشتنی هۆکاری دروستبوونی ناکۆکی پارتایەتی وڕێگرتن لە گەڕانەوەی تاکڕەوی([107]) بەدیاریکراویش بەرگرتن کەسانی مەزن و بەهێزو خودان هەوڵ, کە جێی مەترسی بوون بۆ هەڵسان بە کودەتا و زەوتکردنی دەسەڵات و هەڵگێرانەوەی سیستەمی حوکمڕانی، بەتایبەتیش بنەماڵەی بیستراتۆس- پێشتر باسکرا- کە تائەوساش لە ئەسینا هەوادارایان مابوو و لەلایان خۆشەویست بوون و،(کلیسثینیس) یش ترسی گەڕانەوە بۆ سەرۆکایەتی(الزعامة)کردنی لێیان هەبوو، دەرکردنی یاسای دوورخستنەوەی سیاسی(قانون النفي Ostracismیان Ostrakismos) ([108]) بە پەسەند زانی([109])، کەلای هەندێك وەك گرنگترین ڕوخسار(معالم)ی سیستەمی دیموکراسی بۆ پاراستنی دەوڵەت لەگەڕانەوەی ستەمکاری(الطغيان) وێنا کراوە، چونکە ئەو لەرێیەوە مافی دابووە هاوڵاتیان کە دەنگ لەدژی هەرسەرکردەیەك بدەن کە ئارەزووی دورخستنەوەی بکەن بۆ دەرەوەی وڵات و، لە ئەگەری ئەرێنی بوونی ئەنجامی وەها دۆزێکیش دا، هاوڵاتیان لەدانیشتنێکی نائاسایی کۆمەڵەی گشتیدا ڕای خۆیان بە نوسینی ناوی کەسەکە لەسەر پارچە سواڵەت (ستراکۆن)ێك هاویشتنی بۆناو دەفێك، دەردەبڕی و کاتێیش ڕێژەی پێویست کۆبووبایەوە، کە بریتی بوو لەشەشهەزار دەنگ، کەسی بێزراو بۆ ماوەی دە(١٠)ساڵ بۆ دەرەوەی هەرێمی ئەتیکا دوردەخرایەوە بێ ئەوەی مافی خاوەنداریەتی موڵك وماڵ و مافی هاوڵاتی بوون لە دەست بدات([110])، لەرێی ئەوەشەوە دەیویست هەم گەل ڕازی بکات هەمیش چاودێری ئەوانە بکات کە لە هێڵی دیموکراتی دەردەچوون ([111]).

لەبەر ئەوەش کە وەك وترا دەنگدانەکە لە( ئیکیلیزیا) ئەنجامدەدرا، کەهەموو هاوڵاتیان تیایدا ئەندامبوون و هەموانیش مافی دەنگ لەسەردانیان هەبوو و، بەو دابەشکاریە تازەیەش کە بۆ پێکەوە هەڵکردنی کۆمەڵایەتیانەی دانیشتیوان ئەنجامی دابوو، هەلی دەستەبەندی و کاری هاوبەش و گەلەکۆمەی خزم و هاوخوێنەکانی بۆداکۆکی یان دژایەتی کوێرانە لە هەمبەر سەرکردەی بەئامانجگیراو و شایان بۆ ئەو سزایە بەرتەسك کردبۆوە و، دەنگدانەکەش وەك وتراوە سەڵانە یەکجار ئەنجامدەدرا و،بەوەش کە فرێدانی هەرپارچە سواڵەتێکی ناو لەسەر نوسراو بۆدورخستنەوە، مانای لەکارخستنی کاتی(تعطيل)ی پلانەکانی کەسی بەئامانج گیراوی گەیاندوە ([112])و،

---

([107]) بڕوانە، ا.برگر و دیگران، منبع سابق، ص ص١٣٢_١٣٨ ؛ رجب عبدالحميد الاثرم، المصدر السابق، ص ص١٤٨_١٥٥.

([108]) وشەیەکی گریکیە و لە واژەی Ostraka یان Ostrakon کە بەمانای لەتکە سواڵەتی گڵکار دێت، وەرگیراوە. ينظر: محمد كامل عياد، المصدر السابق، ص٢٥٠؛ سيد احمد علي الناصري، المصدر السابق، ص٢٢٤.

([109]) محمود فهمي، المصدر السابق، ص٥٢.

([110]) حسين الشيخ، المصدر السابق، ص٩٨؛ Lesley Adkins and Roy A. Adkins,Op. cit,p.٣٥.

([111]) محمود السيد، المصدر السابق، ص٦٨.

([112]) لەنێو ئەوانەش کە پێی ئەو یاسایە دوچاری دورخستنەوە هاتن ناوی هیپارخۆس (Hipparchus) خزمی هیپاسی دیکتاتۆر لە ٤٨٧پ.ز، میگاکلیس(Megacles) لە٤٨٦پ.ز، ئیکسنثیبوس (Xanthippus)باوکی بریکلیس لە٤٨٤پ.ز، ئەرستیدیس (Aristides) لە ٤٨٢پ.ز، ثیمستۆکلیس(Themistocles) لە٤٧٠ پ.ز، کیمۆن(Cimon) کوڕی میلیتادیس لە٤٦١پ.ز، توکیدیدس(Thucydides) لە٤٤٣پ.ز، هیثیربۆلۆس (Hyperbolus) لە٤١٦پ.ز، ناویان هاتووەو. Lesley Adkins and Roy A. Adkins,Op. cit,p.35 بەپێی هەندێك گێڕانەوە دەبێ خودی (کلیسثینیس)یش سزای دورخستنەوەی وەرگرتبێ. محمد كامل عياد, المصدر السابق,ص٢٥٠.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئامانجیش لێی وەك وتـراوە، دوورخستنەوەی شـەڕبووبێ لـە حكومـەت([13])یـان ڕزگـار كردنـی ئەسـینا و ئـازادی و بەرژەوەندی گشتی لە ڕەگەزگەلی مەترسیدار بۆماوەی دە(١٠)سـاڵ و([14])، بـەو ڕێگایـەش- وەك دەڵێن- ئەسـینا حكومـەتێكی دەسـتكەوتبێ كـە تائاسـتێك دەسـەلتی دابێتـە گـەل كـە وای كردبـوو نزیـك بـێ حكومـەت تـەواو دیمـوكڕاتی دەر بكـەویت([15]). ناشـێ وەك ڕێكـارێكی دەسـتەجەمعی تێكـرای گـەل و بـۆ بۆبەرژەوندیـەك، كـە ڕەهەندی نیشتیمانی هەبووە لێكنەدرێتـەوە. هەرچەند ناشكرێ نكوڵی لـەوە بكرێت كەئـەو جۆرە لـە دەنگدان وبۆسزادان بێ كەمایەسی نەبووە، ([16]).

وبڕواش وایە كە ناكرێ(كلیسشینیس)یش هەستی بـەو مەترسیانە نـەكردبێ، بـەڵام دەگونجێ پێـی وابـووبێ ئەوانە لە چاو سودە زۆرەكانی سیستەمی دێموكڕاسی دا هیچ نین، بەتایبەتیش كەئـەو دەیویست دەوڵەتـە شاری ئەسینا لە پارچەپارچەیی ودوبەرەكی ڕزگار بكات و چاوی لەوەبوو بە نیشتمانەكەیەوە بگاتە ڕێی هێز و مـەزنی و، دەركی بـەوەش كردبـوو كەجگە لـە پراكتیزەكردنـی بنـەماكانی دێموكڕاسـی لـە ئـازادی و یەكسانی و دادوەری كۆمەڵایەتی هێندەی لە توانا دایـە، هـیچ ڕێگایـەكی تـر نـی یـە بـۆ یـەكگوتاری و دابـین بـوونی پێكەوەهـەڵكردنی نێوان هاوڵاتیان و بە چاكسازیەكانیشی وایكرد كە (گەل) دەسەڵاتی ڕاستەقینە بـەكردار لـە دەوڵەتـدا بەدەسـتەوە بگرێت و، خـۆ ئەگەرچـی ئـەو دێموكڕاسیەش كـە بنیـاتی نـابوو بـەهۆی ئـەو كەمایەسـیانەی لێـی بـەدی دەكـرا، گوماناوی بێتە بەرچاو و كەوتبێتە ژێر نەشـتەری ڕەخنـە لێگرتنـەوە نـاكرێ نكوڵ لـەوە بكرێت كـە تـەواوترین جۆری سیستەمی دیموكڕاتی بووە كە تا ئەو كات مـرۆڤ توانیبـووی بـەدی بهێنێ([17])و نوسـەرێكیش پێیوایـە كـە ئەوكاتەی فەرمانڕەوایەتی كلیشسینس لەسـاڵی (٥٠٠پ.ز) كۆتـایی هـات, گـەل دەیتـوانی پڕوباگەنـدەی ئـەوە بكات فەرمانڕەوای ڕاستەقینەیە لەئەسینا([18]).

لەسەرچاوەیەك داهـاتووە كەهەنـدێك لـە مێـژوو نوسـان ڕەخنـەیان لـە دێموكڕاسـیەتی ئەسـینی ئەوەیـە, كـە لەسەر بنەمای جۆرێك لە ئاپۆڕای ژاوەژاوكاری هەڵچنرابوو، كـە بەسـەردا زاڵبـوون و جێبـەجێكردنی بڕیارگـەلی چاك بەسەر ئەندامەكانی دا، تا ئاستێك ئەستەم بووكە كەسی سیاسی چاكەكار لێـی بـێ هیـوابێ و، وتراویشـە كـە

---

([13]) جايمس هنري برايستد، المصدر السابق، ص٢٢٩.

([14]) فوزي مكاوي، المصدر السابق، ص١٠٥.

([15]) عامر سليمان و احمد مالك الفتيان، المصدر السابق،ص٤١٨.

([16]) بەتایبەتی كە وەك وتراوە لەسەردەمەكانی دواتردا وایلێهاتبوو هەوەس(مزاج) ڕۆڵی تێدابیینێ و خراپ سودی لێوەربگیرێت و، بـەهۆی ئەوەشـەوە ژمـارەی ئەوانـەی بـێ هـیچ بیانوویـەك دوچـاری دورخسـتنەوە بـوون زۆریـادی كردبـوو و، دەشـێ چـیرۆكی (ئەرسـتیدیس)ی سـەركردەی دیارلەشـەڕەكانی دژی هەخامنشـیەكان و ناسـراو بە(دادگـەر: العـادل) لـەلای ئەسـینیەكان لەساڵی(٤٨٢پ.ز) و لەمیانەی ئامادە بوونی لەپۆسەكی دەنگدانی ئەنجومەنی گشتی بۆدورخستنەوە، كەسێكی نەخوێندەوار داوای لێ دەكات ناوی (ئەرستیدیس)ی سەركردەی بۆ لە سواڵەتێكێك بنوسێت و، كاتێكیش سەركردە لێی دەپرسێ داخۆ ئـەو سـەركردەیە دەناسی كە دەیەوێ دوور بخرێتەوە؟، نەخوێندەوارەكە دەڵی نەخێرئەویش بەسەرسوڕمانەوە لێـی دەپرسـێ كـەواتا بۆچـی دەتـەوێ ئـەو سـزایە بدرێت؟نەخوێندەوارەكـە لـە وەڵامـدا دەڵـێ چـونكە بێتاقـەتم لـەوەی هـەموان پیایـدا هەڵـدەڵێن بەدادگـەر نـاودێری دەكەن.محمد كامل عياد:المصدر السابق،ص٢٥٠.

([17]) المصدر نفسه، ص ص ٢٥٠_٢٥١.

([18]) روبرت ج. ليتمان , المصدر السابق, ص١٣٢.

ئەفلاتۆنیش لەکۆتایی لیستی سیستەمەکانی حوکمڕانیدا جێیکردۆتەوە ،چونکە ئاماژەی بە مەترسی لادان تیایدا کردووە بەتایبەت لەکاتی خراپ بەکارهێنانیدا، چونکە وروژاندنی ژاوەژاو لەڕێی وتاری ئاگرین و وروژێنەری تەژی لە نواندنی و سۆز هەژێن، وەك ئەوەی لە شانۆی تراژیدی دەبینرێت، زۆر ئاسانە و بەکورتیش دەکرێ بوترێ کە کرۆکی لێکدانەوەی ئەسینی بۆ دیموکراسی لەسەر بەکۆمەڵبوون(التجمهر) وەستاوە و, لە بەکۆمەڵ بوونیش دا بەزۆری ئەگەری ئەوەهەیە کە لەجێی ئاوەز سۆزو وابەستەیی ڕۆڵ بگێڕن، کە دەبنە هەوێنی سەرهەڵدانی ژاوەژاو و دیماگۆگیەت و، ئەسیناش باجی ئەووابەستەیی و هەڵچوونە جەماوەریەی دا کە خۆی لەبڕیارگەلی کوێرانەدا دەبێنیەوە, کە لەساتی هەڵچوونی شێتگیرانە یان بەهۆی ڤین و ڕق و ناکۆکی کەسی نێوان سیاسەتمەداران, دەدران و زۆرجار دورخستنەوەی بەدوادا دەهات کەدەبووۆ هۆی تێکشکاندنی تواناکان کە میللەت تیایدا زەرەر مەند دەبوو ([119]).

لەلایەکی تریشەوە تێبینی ئەوە کراوە کە لەو دەستکەوتانەی بەهۆی چاکسازیەکانی کلیسپینیس بەدیهاتن بۆهەموو هاوڵاتیان و دانیشتوانی ئەتیکا وەك یەك نەبوو ، بەڵكو تەنها ئەوانە لێی بەهەرەمەند بوون کە بە هاوڵاتی ناودەبران، لەکاتێکدا لە نێو دانیشتوانی ئەسینا و هەرێمی ئەتیکا بەگشتی، زۆرینەیەکی دانیشتوان هەبوون کە مافی هاوڵاتیبوونیان پێنەدرابوو و لە دەستکەوتی دیموکراتیش بێبەش کرابوون، بۆنمونە لە دەستوردا کچان و ژنان کە تەنها وەك دانیشتوانی شار(astai) وەسف کرابوون هاوڵاتی(Politai) نەبوون و لەگەڵیشیاندا کۆیلە(douloy) و پێشەوەر و دەست ڕەنگینانی بەبنەچە بیانی(metikoy) وەك هاوڵاتی هەژمار نەکرابوون، کە بەیەکەوە زۆرینەی دانیشتوانیان پێك دەهێنا، ئە مەش وای کردبوو کە دیموکراتیەکە بەدیموکراتی کەمینە و داخراو و نادادوەرانە دابنرێت، بەتایبەتیش چونکە سەرەڕای پڕوپاگەندە بۆ وەکیەکی تەواوی هاوڵاتیان لە بەرامبەر یاسا(Lsonomina) دا ،سیستەمێکی نوێنەرایەتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی بەمانای وشەی دیموکراتیەتی نوێ لە ئارا دانەبوو([120]).

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا پێدەچێ ئەسینایی یەکان بەشێوەیەك سیستەمکەیان خۆش ویستبێ، کە لەئێستادا ئەستەمە بتوانرێت جیاکاری لە نێوان پەرۆشی (حماس) و مەیل (ولاو) یان بۆی، بکرێت و وادەردەکەوێت کە لە زەینی ئەواندا وەك دەستکەوتێکی تایەبەت بە ئەسینایی یەکان کە هاوار(نعرە)ی بەرزەفڕی(الإستعلاء) بە سەر دانیشتوانی شارەکانی وڵاتی گریك وتەواوی گەلانی بیانی تاوی دابوون، شوێنی گرتبێ بۆیە بە شیاوی شەڕ بۆکردن و بەرگری لێکردن پاراستنی زانیبێت، بەهۆیەوەش تونی کۆتایی بهێنێت بە پارچەپارچەیی و دەمارگێری خێڵایەتی، کەدەمێك بوو باڵی بەسەر(ئەتیکا)دا کێشابوو و، بۆیەکەمجاریش دەوڵەتێکیان لەسەر بنەمای کرۆکی دەستوریی نا خێڵەکی بنیات نا و، گونجاویی بارودۆخیش وای کرد سیستەمە نوێ یەکە پتەوی و ڕەسەنایەتی خۆی ئیسپات بکات و سەرکەوتوو بێت لە ئامادەسازکردنی خەڵك بۆ ڕووبەڕوو بونەوەی مەترسیەکان([121]).

---

([119]) سيد احمد علي الناصري،المصدر السابق،ص٢٢٧.

([120]) المصدر نفسه، ص٢٢٥.

([121]) المصدر نفسه، ص ص٢٢٥_٢٢٨.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بـە سەرکەوتنیشی لـە بنیاتنـانی سیسـتەمێکیّ گـەلیی(نظـام شـعبي) کـە دادگـەری بـۆ هـەموو هاوڵاتیـان لـە بەرامبـەر یاسـا (Isonomia)و مـافی ڕادەربـڕین و وەکیـەکی وبـۆ گشـت تاکـەکانی کۆمـەڵگا(Isegoria) دابینکردبوو و، ڕێی ئـازادی کـارکردن و کێبـەڕکیّ(التنـافس) و بەخشش بۆدەوڵـەتی لەبـەردەم واڵا کردبوونـەوە، دادگەری و دادگای بەشێوەیەك ملکەچی سەرپەرشـتی و چاودێری ڕاسـتەوخۆی گـەل کـرد، کـە زانسـتی پسـپۆیی دادوەریی گەیاندبووە ئاستێك لـە تـەواویی(الکمـال)، کـە نەلـە دنیـای هیلـینی و نەلـە جیهـانیش بەگشـتی وێنـەی نـەبوو و، هـەر بـە و بـەو سیسـتەمی حوکمڕانیەشـی کـە نهـێنی هێـز و توانسـتی بـوو لـە پێشـکەوتنی سیاسـی وقبـوڵکردنی مەیـدانخوازی(تحـدی) دەرەکـی و پێگەیشـتنی هـزری وهونـەری و، دەرهاویشـتنی شارسـتانی(انطـلاق حضاري) و، بە بەدیهێنانی چاودێری گەلیش بەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن و بەو پێگەیە نوێیەش کە ئەسـینا لەنێو دەوڵە شارە گریکیەکاندا پەیدای کردبوو، وایکرد دەوڵەتەکەی بتوانیّ نموونـە و مـۆدێلێکی سیاسـی جیـاواز و کێبەرکێکار بۆسیستەمگەلی دەوڵەتەشارەکانی جیهانی گرێك بەتایبەتیش سیستەمی ئەسپاتە، پێسکەش بکـات و ڕووبـەڕووی قەیرانـە دەرەکیـەکانیش ببێتـەوەو، بەوپـەڕی بڕوابـەخۆبوون و هیـواو گەشبینیشـەوە بچـیێتە قۆناغی ململانێی نێودەوڵەتی([١٣٢]).

بـەڵام چـونکە بـەردەوام و بەرقـەرار مانـەوە بـە گـەورەیی، تـەنها بەسـەرکەوتن لـە پێشهاتەکان و بـەدیهێنانی دەسکەوتەکان مەیسەر نابێت و چۆنیەتی پارێزگاری لێکرن و پەرەپێدانییشی گەرەکە، دەبوایە ئەسینایی یـەکان لانیکەم هەڵوەستە لەسـەر چـەند مـژارێك بکـەن، کـە فەرامۆشـکردن و چارەسـەر نـەکردنیان بـەگوێرەی یـەك لـە سەرچاوەکان، وەك کەمایەسـی وهۆکارگـەلی سـەرنەکەوتنی دێموکڕاسییەتی ئەسـینایی لـە بـەردەوامبوون لەسـەر بەدیهێنانی ئارامی و پێشکەوتنی کۆمەڵگا، لەبەرچاو گیراون و خۆیان دەبیننەوە:

لە ئیکتیفاکردن بەپراکتیزەکردنی چەمکی دیموکراسی دەقاودەق(حرفي)، بیّ لەبەرچاوگرتنی ئامادەسـازی تێهزرین و ئاگایی پێشوەخت سەبارەت بە واتای گشتی چـەمکەکە و ئاسـتی پێویسـتبوونی و گونجاویی قۆناغەکـە بۆ پراکتیزەکردن و زەمینە بۆ سازکردنی، تا هاوڵاتیان لـە بـری سـوربوونیان لـە سـەر ڕایـی کردنـی ئەرکـەکانیان لەبەر دەستکەوت(امتیاز)، بۆ بەشداریکردنی سیاسی بیّ و، ئاستی هاوڵاتیانی وا بەرزکرابایەوە تا سـەرکردەکانیش ناچار کرابان بە شـداریکردنی بـیّ سـنوری جـەماوەر لـە کایـە جۆربـەجۆرەکانی حـوکمڕانی قـورس هەڵسـەنگێنن ونادیدەی نـەگرن، چونکە نـاقوڵی ئاسـتی بیرکردنـەوەی هاوڵاتیـان لەوانـەبوو بـۆ کەوتنـە داوی سیاسـەتمەداران و گیرۆدەی بەڵینی درۆیینە و ویستی کەسی ئاڕاسـتەیان بکـات و، ئەمـەش لـە هـەرکات و هەرشـوێنێك بـیّ، وادەکـات دیموکڕاسـی زیـاتر ببێتـە بەشـداری کردنـی ڕواڵـەتی نوێنـەرانی خـەڵك و زۆرتـریش ئەوانـە شانسـی دەسـتەبژێرکردنیان هـەبیّ کەشـیاوی سەرخسـتنی کاروبارەکـان و ئاڕاسـتەکردنی دروسـتی دەسـەڵات نـەبن و، پەرەسەندنی ڕووداوەکان و شێوازی ململانێکانیش بوار ڕەخسێن نـەبوون تـا کۆمـەڵگای ئەسـینا هەڵوەسـتە بکـات وتێبکۆشیّ تـا ڕۆشـنبیری یـەکی سیاسـی و هـزری پێشـکەش بـە تێکـڕای هاوڵاتیـان بکـات و، بەلوتکـە گەیشـتنی دەوڵەتەکەش وەك ئیمڕاتۆریەت وبوونی بەسەرۆکی هاوپەیمانێتی دیلۆس لـەو ماوەیـەدا و، ئـەو دەستکەوتانەشـی لە میانەیدا بەدەستی هێنا بوو، وایانکرد بوو کە سەرکردەو هاوڵاتیەکانی ویستی بەرهەمداری زیاتریان هـەبێت و

([١٣٢]) سيد احمد علي الناصري، المصدر السابق،ص ص٢٢٨_٢٢٩؛ فوزي مكاوي، المصدر السابق، ص١٠٧.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

خـەمی گـەورەیان لەسـەر پارێزگـاری کـردن لـەو دەسـتکەوتەکان و هێشـتنەوەی ڕەوشـی سیاسـی و سـەربازی لەبەرژەوەندی خۆیان دا چڕبکەنەوە، ئەمەش ئاڕاستەی سەرنجیانی بۆسەر مژاری پەرەپێدانی ئەدای دیموکڕاسی و کاروبـاری نـاوخۆی شـار کـردە مـەحاڵ و، مەرجـدارکردنی بەهرەمەنـد بـوونیش لـە ئیمتیازاتـەکانی سیسـتەمی دیموکڕاسی بـە پێـدراویی مـافی هاوڵاتیبوون و، وەدەرنـانی کۆیلـەو ژن و بیانیـە نیشـتە جێبووەکـانی نـاو سـنوری دەوڵەتە شاری ئەسینا و دانیشتوانی شـارەکانی تـری دەرەوەی ئـەتیکا کـە ئەنـدامی هاوپـەیمانی دیلـۆس بـوون لـە چنینەوەی بەرهەمەکانی، لەکاتێکدا ئەوان سەرمایەگوزاری ئیمپڕاتۆریەتەکە بوون و ناچاریش بوون باج بـدەن و دابینکردنـی ڕۆژانـەی ئامـادەبووانی دانیشـتوانی کۆمەڵـەی گشـتییش هـەر لەوباجانـە، ئەسـینای خسـتە بـەردەم شێوەیەکی تر لە چینگەرایی(النزعة الطبقية)، کە وەك هاوپەیمانیەتێکی نوێ دژایەتی ئەسینا و سیسـتەمەکەیان دەکرد و خوازیاری رزگاربوون لـە هـاو پـەیمانێتی (دیلـۆس) ([١٢٣])ی نادادگـەر بـوون و، نـەکارایی چاکسـازیەکان لـە بنبڕکردنـی ڕیشـەیی جیـاوازی بـەرفراوانی چـینایەتی نێـوان هاوڵاتیـان و بـوار نـەدانی سیسـتەمە سیاسـی و ئابوریەکەشـی بەچـینی گشـتی بۆڕزگـاربوون لـەکۆت و بەنـدەکانی هـەژاریش، نائامـادەیی ڕەگـەزی دیموکڕاسـیی کۆمەڵایەتی لەدیموکڕاسیەتی ئەسینا دەرخست و، وایکرد دانیشتوانی هـەژاری ئەسـینا هەسـت بـە لاوازی بکـەن و توانای بەشداری چالاکانەی بەڕێوەبردنی کاروبـاری شـاریان نـەبێت، ئـەوەش –سـەرەڕای بەرقـەراری دیموکڕاسـی- بوو بە هـۆی چـڕبوونەوەی سـەرکردایەتی سیاسی لەدەسـتی پیـاوانی بازرگـان و چـینی ئەرسـتۆکڕاتی و هەنـدێك سەرکەشـی نـاو گەمـەی سیاسـی، ئەمـەش وایکـرد بـوو کـە فەرمانڕەوایـەتی لەناوەڕۆکـدا زۆر لـە سیسـتەمی فەرمەنڕەوایەتی پێشوو کە دەسەڵات بەدەستی ساماندارارانەوە بوو جیاواز نەبێ و، وتراویشە کـە بەشـداریکردنی ڕاستەقینە بـەدی نایـەت ئەگـەر پایـە گرنگـەکانی دیموکڕاسـیەتی کۆمەڵایـەتی نـەبێت و، لـە دەرەنجـامی هـەموو ئەوانەش کە کەشکستی ئەدای دیموکراسی وبەرقەرار و بەردەوام مانەوەی بەدوای خۆی داهێنـا، کارەسـاتی شـەڕی (پیلوپۆنیزیا) ([١٢٤])ی ، کەوایکرد ئیمپڕاتۆریـەتی ئەسـیناو ڕێبەرایەتیەکـەی کەشـتیگەلەکەی لـەناوبرد و کـاروانی سیاسـی ڕۆشنبیریەکەشـی وەسـتاند و وای لێکـرد کـە وەك شـتێکی کـەلتوری نـەوەدوای نـەوە لێـی بکۆڵرێتـەوەو هیچیتر([١٢٥]).

خۆ ئەگەر بریـاریش بـێ وەك بـاوە ئـەوەی وانـە لـە مێـژوو وەرنـەگرێت ناچـار بـەدووبارە کردنـەوەی بەشـە تاڵەکانی بێـت، ئـەوە ڕەنگـە هەڵوەسـتە کـردن لەسـەر ئـەو ڕێکارانـە و، وانـە وەرگـرتن لـە مێـژووی ئـەو وڵاتـە، بـەئامانجی چاککردنی بـاری ئێسـتای ژیـان بـە هـەموو کایەکانیـەوە، لـە و وڵاتانـە زۆر پێویسـت و گـرنگ بێـت،

([١٢٣]) هاوپەیمانیـەتی بەشـێك لەدەوڵەتـە شـارەکانی یۆنـان بـوو بـەناوی نـاوی دورگـەی دیلۆسـەوە ئـەو نـاوەی بەسـەردا بـڕاوە و بەسەرۆکایەتی ئەسینا و بۆ ئامادەباشی و بەشداریکردن لە بەرپەرچدانەوەی هەر مەترسیەکی ئـەخمینی کـەڕوو لـە یۆنـان بکات، لەساڵی(٤٧٨پ.ز)پێکهات. Lesley Adkins and Roy A. Adkins,Op.cit, p.9

([١٢٤]) لـەنێوان ئەسـینا و ئەسپارتە و لەسـاڵی (٤٣١پ.ز) رویـدا و, سـی سـاڵێکی خایانـد و نزیکـەی هـەموو دەوڵەتـە شـارەیۆنان وەك لایەنگری یەك لەو دوو دەوڵەتە بەشداریان کرد. فئودور ب. کوروفکین : تـاریخ یونـان باسـتان, ترجمـه غلامحسین متین,چاپ دوم, انتشـارات محـور, چـاپخانه فـراین, (تهـران : ١٣٧٨ ),ص١٤٩ . بۆزانیـاری زیـاتریش لـەبارەی هـەمان جـەنگ بڕوانـە: توکودیدیس(توسیدید): تاریخ جنگ پلوپونزی، ترجمة محمد حسن لطفي، سازمان چاپ و انتشارات وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامی، شرکت سهامی انتشارات خوارزمی،( تهران:١٣٧٧ ),تەواوی کتێبەکە.

([١٢٥]) بۆ هەموو ئەو هۆکارانەی باسکرا بڕوانە: ممدوح درويش مصطفي و ابراهيم السايح، المصدر السابق، ص٥٢-٥٥.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بەتايبەت كە خەباتيان بۆ ڕزگاری نيشتمانی يە و لە هەركاتێك زياتر پێويستيان بـە يەكـديگيری كۆمەڵايـەتی و يـەكگوتاری سياسـی و جۆشـدانەوەی هەسـتی نەتـەوە پـەروەری و دروسـتكردنی چوارچـێوەيەكە لـە ئينتيمـا بۆنيشـتيمان، كـە بەزانـدنی بـۆ هـەر كەسـێك و بەهـەر بيانووييـەك بـێ، ببێتـە هێڵـی سـور وكـۆی ناكۆكيـەكانی هاونيشتيمانيانی بەهەموو ڕەنگ و دەنگەكانەوە تێدا كۆتايی بێت ، تا لەڕێيەوە بەيەكەوە بكارن بـەر لـە پـلان و نەخشـەی نـەياران بگـرن و لـەڕێی پێكـەوە هـەڵكردنی ئاشـتيانەی هەڵچـنراو لەسـەر بەرژەوەنـدی و چـارە نوسـی هاوبـەش ، نەخشـەی ئاينـدەيكی گەشـی دانـەبڕاو لـە كـاروانی پێشـكەوتنی گـەلان دابڕێـژن، ئەمـەش تـەنها بەپڕاكتيزەكردنی دێموكڕاسيەتی ڕاستەقينە مەيسەر دەبێ كەتيايدا هەڵوەستە لەسەر لانی كەمی هاوشێوەی ئەو هۆكارانە بكرێت، كە وەك كەمايەسی و هۆكارگەلی نەرێنی لەديموكڕاسيەتی ئەسينادا لەبەرچاوگيراون.

## بەرئەنجام

باسکردنی ئەو ڕەوشە ببوە هەوێنی چاکسازی لە ئەسینا و دیارترین چاکسازیەکانی کلیسثینیس بەچەند ئەنجامێکمان دەگەیەنەن، کە دەکرێ گرنگەکانیان بەچەند خاڵێك و بەمشێوەیەی خوارەوە بخرێنە ڕوو:

١ .لێکۆڵینەوەکە دەریدەخات کەگۆڕانکاری و چاکسازی وەك ویستێك لە وڵاتی یۆنان بەگشتی و ئەسیناش بەتایبەتی، هەمیشە ئامادەیی هەبووە و چاکسازەکانیش بەگوێرەی ویست و دنیابینی و توانست و ئیرادەیان وئاستی سود وەرگرتنیان لە ڕەخساوی هەل ومەرج ، هەوڵی خۆیان تاقیکردۆتەوە.

٢ . چاکسازەکان بەسود بینین لە پرۆسەی چاکسازی پێشینانیان و ئەوەی لێی کەوتۆتەوە، چاکسازییان ئەنجامداوە و ئەنجامی کارەکانیشیان زەمینەی چاکسازی تری دوای خۆی ڕەخساندووەو، بەو پێودانگەش چاکسازیەکانی سۆلۆن وەك ئەزمون بۆ کلیسثینیس و ویست و کارەکانی ئەویش ڕۆڵی ئەزمونیان بۆ هەوڵەکانی بریکلیس یاری کردووە.

٣ . توێژینەوەکە دەریخستووە کە بنیاتنانی وڵاتێك کەهەمووان بە وڵاتی خۆیانی بزانن و داکۆکی لێ بکەن، پێویستی بە جۆشدان و کاراکردنی هەستی میللی و نیشتیمانی و پەیوەستکردنی هاوڵاتیان پێیەوە هەیەو، تا تیایدا هەموو جیاوازیەکان وەلا بنرێن و ببێتە ئەڵتەرناتیف و هۆکاری ماکی دەمارگیری ، کە خۆی لە پەیوەندی خوێن و خزمایەتی و جۆری بیرکردنەوە و ناوچەگەرێتی دەبینیەوە. ئەوەش بیرکردنەوەی قوڵ و گرتنە بەری ڕێ وشوێنی جۆراوجۆری پێویستە، کە کلیسپینیس لە هەڵوەشاندنەوەی دابەشکاری خێڵایەتی و سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی دا بەرجەستەی کرد.

٤ . لەڕێی توێژینەوەکەوە دەردەکەوێت کە تەنها کۆتاییهێنان بەپەیوەندی خێڵ و خزمایەتی و دوورخستنەوەی ئەندامانی خێڵ و پارتەکان لە یەکتر، هەستی نیشتیمانی و خۆشویستنی وڵات و هەوڵدان بۆ بەرەوپێشبردن و داکۆکی لێکردنی دەستەبەر ناکات، ئەگەر لە حوکمڕانی کردندا مافی هەمووان لەبەرچاو نەگیرابێ، ئەوەش تەنها بە بنبڕکردنی جیاوازیی یەکان و بەشداری پێکردنی بەککردار و ڕاستەوخۆی گەل بەڕێگای هەڵبژاردن، لەدەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەریدا بەدی دێت، کە تیایدا گەل لە دەستنیشانکردن و ڕیزبەندکردنی مژارەکان و بەپرۆژەکردن و بڕیار لەسەردان و جێبەجێکردن و چاودێریکردنیان و دیاریکردن و ڕایی کردنی باج و پاداشتی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان ڕۆڵ ببینێت. (کلیسثینیس) ش ئەمەی کرد وشوێنەوارەکەشی لە بەلوتکەی پێشکەوتن گەیشتنی ئەسینا و، هێنانەئارای جوانترین سیستەمی پێکەوەژیانی دێموکڕاسیانە لەچاو هاوسەردەمەکانی و، توانایی لە ڕووبەڕووبوونەوەی مەیدانخوازی دەرەکی و بوون بەئیمپڕاتۆری هاتنەناو گۆڕەپانیململانێی نێودەوڵەتی دا دەرکەوت.

٥ . بەردەوام و بەرقەرار نەمانەوەی ئەدای دیموکڕاسیش لە ئەسینا دەیسەلمێنێ کە تەنها بەشداری کردنی گەل لەحوکمڕانی بۆ هاتنەئارای دێموکڕاسیەتی ڕاستەقینە و بەردەوامبوونی بەس نی یە، ئەگەر هزرین و ئاگایی سەبارەت بە چەمکەکە وگونجاوی لەگەڵ سەردەم و ئاستی وشیاری هاوڵاتیان و ڕەخسانی زەمینە و هەل ومەرجی پڕاکتیزەکردن و لێزانی و کارامەیی تاکەکان لە ڕایی کردنی ئەرك و بەرپرسیاریەتیەکان لەبەرچاو نەگیرێت.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ویستی هـەر گـەلێکیش بـۆ سـود وەرگـرتن لـە مێـژووی گریـك و ئـەزموون کردنـی دیموکراسـی پیویسـتی بـە هەڵوەستەکردن لەسەر ئەو خاڵە ئەرێنی و نەرێنییانە هەیە کە لە ئەزموونکردنی ئەوان تێبینی کراون.


## الملخص

### البعد الوطني في اصلاحات كليسثينيس

هذه الدراسة هي محاولة علمية خصصت للإشارة الى الظروف التي هيأت ارضية لظهور فكرة الإصلاح لدى الأثينيين بزعامة كليسثينيس ليأخذ زمام الأمور فيها, وللتعرف على تلك المواضيع والمجالات التي اصبحت موضعاً لوقوف المدعو عندها, و تبدو جوهراً لإصلاحاته المشهورة, وأكدت فيها على اهم الإصلاحات التي قام بها ومانتجت خلالها من استبدال بناء القسمة القديمة على قاعدة القرابة والدم بقاعدة الفوارق المحلية وفتح المجال لمشاركة الشعب في تمشية امورهم خلال انضمامهم الي الجمعيات والمجالس المسؤولة عن ادارة امور البلاد, والتي تتوضع في تطبيقها البعد الوطني.

يتكون البحث بالاضافة الى المقدمة وإستنتاجات التي وصل اليها الباحث والملخص باللغتين العربية والإنجليزية وقائمة المصادر , من تمهيد وثلاثة محاور حيث تم تقسيمها كالآتي:

أولاً : الإندماج الإجتماعي والعمل على تضعيف العصبية القبلية.

ثانياً: المجالس الشعبية ومسألة مطالب الناس من الحكومة.

ثالثاً: ضرورة الوعي بالواجبات وحق المشاركة في السلطةو وقانون النفي السياسي.



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

# ABSTRACT

## The Nationalist -ethnical- Dimension in Clesthenes reforms

This study is a scientific attempt which is dedicated to refer to the circumstances which became the ground in which reformation conception emerged by the Athenians, and which gave the opportunity to Cleisthenes take the reins of it. The research also attempts at identifying those topics and areas that became the station in which he stopped and which was the essence of his famous reforms. The position stressed that his most important reforms were changed the classic division of power from the one which was based on kinship and blood to the one on the basis of local differences and opening the chance of participation for people to manage their matters through accession to the associations and councils responsible for the management of the country, hence the nationalist dimensions were seen in these reforms.

The research consists of, in addition to the introduction, preface, the most important conclusions reached by the researcher, the two summaries in Arabic and English languages and the list of sources, three axes which were divided as follows :

-١ Social integration and working on weakening the tribal nervousness .

-٢ People's Councils and the question of their requirements and what they want from the government.

-٣ The necessity of being aware of the duties and the right to participate in power, and the law of political exile.



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## ليستى سەرچاوەكان

### يەكەم: بەزمانى عەرەبى و وەرگێڕدراو بۆزمانى عەرەبى

١. ا.بـتري: مـدخل الى تـاريخ الاغريـق وادبهـم واثـارهم، ترجمـة يوئيـل يوسـف عزيـز، مؤسسـة دار الكتـب للطباعة والنشرفي جامعة الموصل،(الموصل: ١٩٧٧).

٢. ارسـطو: دسـتور الاثينـيين، ترجمـة الاب اوغسـطينس بربـارة، وزارة الثقافـة، الهيئـة العامـة السـورية للكتاب،(دمشق:٢٠١٣).

٣. بلوتارك: السير، ترجمة جرجيس فتح الله ،جزء الاول، منشورات ئاراس،(اربيل:٢٠٠٥).

٤. جايمس هنري براستد:العصور القديمة، ترجمة داود قربان، المطبعة الامريكية، (بيروت:١٩٢٦)..

٥. حسين الشيخ: دراسات في تاريخ حضارة اليونان و الرومان، دار المعرفة الجامعية، (الاسكندرية: ١٩٨٧)،

٦. رجـب عبدالحميـد الاثـرم: دراسـات في تـاريخ الاغريـق و علاقتـه بـالوطن العربـي، منشـورات جامعـة قـار يونس،(بنغازي:١٩٩٦).

٧. روبرت ج.ليتمان: التجربة الاغريقية، حركة الاسـتعمار والصـراع الاجتمـاعي ٨٠٠- ٤٠٠ق.م، ترجمـة و تةقديم و تعليق منيرة كروان، المجلس الاعلى للثقافة،(د.م: ٢٠٠٠).

٨. روجـر جسـت: المـرأة في أثينــا(الواقــع والقــانون)، ترجمــة مــنيرة كــروان، المجلـس الأعلــى للثقافــة، (القاهرة:٢٠٠٥).

٩. سيد احمد علي الناصري: الاغريق تاريخهم و حضارتهم، دارالنهضة العربية،(القاهرة:١٩٨١).

١٠. عـادل نجـم عبـو و عبـدالمنعم رشـاد محمـد: اليونـان و الرومـان، دراسـة في التـاريخ والحضـارة، (الموصـل: ١٩٩٣).

١١. عامر سليمان و احمد مالك الفتيان: محاضرات في التاريخ القديم،(الموصل:د.ت).

١٢. علي عكاشة واخرون: اليونان والرومان، دارالامل ، (اربد:١٩٩١).

١٣. غانم محمد صالح: الفكر السياسي القديم و الوسيط، مطبعة التعليم العالي، (بغداد:د.ت).

١٤. غانم محمد صالح: الفكر السياسي القةديم والوةسيط، (بغداد:١٩٨٨).

١٥. الفريـد زيمـرن: الحيـاة العامـة اليونانيـة, ترجمـة، محسـن الخشـاب، المجلـس الاعلـى للثقافـة، (القـاهرة: ٢٠٠٧).

١٦. لطفـــي عبـــدالوهاب يحيـــى: اليونـــان, مقدمـــة في التـــاريخ الحضـــاري، دارالمعرفـــة الجامعية،(الاسكندرية: ١٩٩١).

١٧. محمد كامل عياد: تاريخ اليونان، دار الفكر، دمشق: ١٩٨٠.

١٨. محمود السيد: التاريخ اليوناني و الروماني، مؤسسة الشباب الجامعة ،( المنصورة،:٢٠٠٠).

١٩. محمود فهمي: تاريخ اليونان، مكتبة و مطبعة الغد، (جيزة:١٩٩٩).

٢٠. ممـدوح درويـش مصـطفي و ابـراهيم السـايح: مقدمـة في تـاريخ الحضـارة الرومانيـة واليونانيـة، تـاريخ اليونان،المكتب الجامعي الحديث(الاسكندرية:١٩٩٨_١٩٩٩)،الجزء الاول.

٢١. ه. د. كيتو: الإغريق،ترجمة عبد الرزاق يسري, مراجعة محمد صقر خفاجة, دار الفكر العربي (د.م:١٩٦٢).

**دووەم : بەزمانی فارسی**

٢٢. اربرگر و ديگران: تاريخ جهان باستان(يۆنان)، ت. محمد صالح انصارى و ديگران،ج٢، انتشارات فيردوس،(تهران:١٣٨٦ه.ش).

٢٣. توكوديديس(توسيديد): تاريخ جنگ پلوپونزى، ترجمه محمد حسن لگفى، سازمانچاپ و انتشارات وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامى، شركت سهامى انتشارات خوارزمى،( تهران:١٣٧٧ه.ش).

٢٤. فئودور.ب.كوروفكين: تاريخ يونان باستان، ترجمه غلامحسين متين، چاپ دوم،انتشارات محور چاپخانه فراين،(تهران:١٣٧٨ه.ش).

**سێیەم: بەزمانی ئینگلیزی**

25. Kurt A. Raaflaub: The Breakthrough of Demokratia in Mid- Fifth-Century Athens, in Kurt A. Raaflaub and others: Origins of Democracy in Ancient Greece, (California: ٢٠٠٧).

26. Lesley Adkins and Roy A. Adkins:Handbook to Life in Ancient Greece,٢nd ed,(New York:٢٠٠٥).

27. Marshall Cavendish: Ancient Greece,( Malaysia: ٢٠١٠).

28. Robert W. Wallace: Revolutions and a New Order in Solonian Athens and Archaic Greece, in Kurt A. Raaflaub and others: Origins of Democracy in Ancient Greece, (California: ٢٠٠٧).


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)